# ئەو "تۆ"یەی کە "من"م یا "من"نیم؟

## خوێندنەوەیەک بۆ ڕۆمانی "وێڵی"ی دلاوەر ڕەحیمی

دڵشاد هیوا




٥ی نیسانی ٢٠٢٦ وتار

"بچۆ ناو خۆتەوە. بەدوای ئەو هۆکارەدا بگەڕێ کە فەرمانی نووسینت پێ دەدات؛ لێی ورد بەرەوە بزانە ڕەگەکانی تا قووڵترین شوێنی دڵت شۆڕ بوونەتەوە؛ ئینجا ڕاستگۆیانە لای خۆت دان بەوەدا بنێ، کە ئەگەر نووسینت لێ زەوت بکرایە، ئایا دەمردیت؟"

لە نامەی یەکەمی ریلکەوە بۆ فرانتس کاپوس، پاریس، شوباتی ١٩٠٣: نامە بۆ شاعیرێکی لاو "Lettres à un jeune poète"

## پێشەکی:

### چوونە ناو هەزارلۆغانەی "خۆ"وە

کاتێک بۆ یەکەمجار لاپەڕەی یەکەمی "وێڵی" دەخوێنیتەوە، هەســـت دەکەیت کەســـێک دەســـتی گرتوویت و بۆ ناو باڵەخانەیەکی نیوەڕووخاو پەلکێشـــی کردوویت. پلیکانەکان لەژێر پێتدا دەلەرزن، ڕووناکییەک هەیە، بەڵام چراکان ڕاستەوخۆ تیشک ناخەنە سەر شتێک، تەنیا هەندێ سێبەر لەسەر دیوارەکە دەبینیت. ئەمە هەمان ئەو هەستەیە کە دەقەکەی دلاوەر ڕەحیمی لە هەمان دێڕی یەکەمەوە لە خوێنەردا دروستی دەکات: هەستی بوون لە شوێنێکدا کە دەبێ ناسراو بێت، بەڵام نییە؛ هەستی خوێندنەوەی وشەگەلێک کە ناسراون، بەڵام ڕستەکانیان نامۆن.

ڕۆمانەکە بە ڕستەیەک دەست پێ دەکات کە هەم وتارێکە و هەم دادگاییکردنێک: "تۆ بەندییەکی لە بەندیخانەیەکدا ئابڵوقە دراو، گەمارۆ دراو بە بەندیوان و بە پاسەوان ..." (ل7) ئەم "تۆ"یەی کەسی دووهەم چییە؟ کێیە؟ بۆچی گێڕەرەوە بە "تۆ" بانگی دەکات؟ هەر ئەم پرسیارە سادەیەش، کلیلە بۆ تەڵەزگەکانی ئەم دەقە.

لە ئەدەبیاتدا، کاتێک گێڕەرەوە بە "تۆ" بانگ دەکات، زۆربەی جار یان لەگەڵ خوێنەری دەرەوەی دەقەکە قسە دەکات - واتە لەگەڵ خوێنەری ڕاستەقینە - یان لەگەڵ بەشێکی "خۆ"یدا، کە لێکدابڕاوی خۆیەتی، دەدوێت. لە "وێڵی"دا، هەردوو ئەگەرەکە پێکەوە و بە مەبەست تێکەڵ کراون.

ئەم دەقە ڕۆمانێك نییە بە مانا باوەکەی گێڕانەوە. پلۆتێکی هێڵەکی نییە، کارەکتەری سەربەخۆ بوونیان نییە، ناکۆکییەک بەرەو ئاشتەوایی ناڕوات. بەڵام ئەم نەبوونییانە، کەموکوڕی نین و لە ڕاستیدا شێوازی بەرهەمەکەن. "وێڵی" زیاتر لە ددانپێدانان دەچێت: ددانپێدانانێک کە گێڕەرەوە بە ناچاری دەیکات، ددانپێدانانێک کە "تۆ"ی بەردەنگ هێشتا قبووڵی نەکردووە گوێی لێ بگرێت، ددانپێدانانێک، کە خودی نووسینەوەی جۆرێکە لە بەرگری لە بەرانبەر لەبیرچوونەوەدا.

بەڵام بۆچی ئەم ددانپێدانانە "ناچاری"یە؟ چونکە گێڕەرەوە دەبینێت "تۆ" - کە دەکرێت دۆستێک یان مرۆڤێک بێت کە ڕۆژگارێك "ئافرێنەری ئەگەر و شیانەکان" بووە - خەریکە لەناو گێژاوێکدا نوقم دەبێت کە خۆی دروستی کردووە؛ گێژاوێک لە بێدەنگی، لە لەبیرچوونەوەی جوانییە بچووکەکان، لە ترس. دەکرێت بگوترێت "وێڵی" ڕۆمانی "ترس لە ژیان"ە، نەک "ترس لە مردن". چونکە مردن لەم دەقەدا، تەنانەت کاتێک دەردەکەوێت، ئامادەییەکی کاڵ و لێڵ و ناڕوونی هەیە؛

بەڵام ترسی هەناســەدان، ترسی بینران، ترسی نووســین  لە هەر لاپەڕەیەکدا هەناســەی گێڕەرەوە دەبڕن.

"وێڵی" بە ئاسـانی ناکەوێتە ناو هیچ ژانرێکەوە: نە ڕۆمانێکی دەروونناسـیی ڕووتە، نە ڕۆمانێکی کۆمەڵایەتی و نە تەنیا پۆرترێتێکیشــە. لای من ڕەنگە باشــترین پێناســە ئەوە بێ کە ئەم بەرهەمە "هەڵکۆڵین"ێکە. گێڕەرەوە خەریکی هەڵکۆڵینە لە ناخی مێشـک و یادەوەریی "تۆ"دا، شـتگەلێکی وەك یادەوەریی وشـەی "زێوان"، دەنگی حەسـەن زیرەک و ئەوانی تر، سـەمای نەزانراو، مەسـتیی شـەوانە، پیاسـەکردن لە کۆڵانەکانی هەولێر و دەیان شـتی تر دەدۆزێتەوە و ئەم شـتانە دەخاتە بەردەم "تۆ" و پێت دەڵێت: ببینە، ئەمە تۆ بوویت. ئەمە ئەو تۆیەی کە ئێستا لە پشتی بێدەنگییەوە خۆی حەشار داوە، هەمان ئەمە بووی.

لە درێژەی ئەم خوێندنەوەیەدا، هەوڵ دەدەم بەدوای ئەم هەڵکۆڵینەدا بڕۆم. ئامانجەکە ئەوە نییە بەرهەمەکە لە چوارچێوەیەکی ئەکادیمیدا زیندانی بکەم، هێندەی مەبەســتە ئەوە نیشــان بدەم بۆچی ئەم دەقە - لەگەڵ هەموو ســەرنجێکمدا - دەکرێت ئاوێنەیەک بێت بۆ هەر کەســێک کە جارێک "خۆ"ی لە دالانێکی بێدەروازەدا ون کردبێت.

ســەرەتا دەمەوێ بزانم ئەم ڕۆمانە چی دەڵێت؟ پاشــانیش: ئەم ڕۆمانە چۆن دەڵێت؟ ڕەنگە گرنگتر لەمەش ئەوە بێت کە چۆن ناڵێت؟ جیاوازیی ئەم دوو پرســیارە، جیاوازیی نێوان بینینی تابلۆیەک و بینینی چوارچێوە و کانڤاس و فڵچەیەکە کە تابلۆیەکیان بەرهەم هێناوە. لە ئەدەبیاتدا، زۆربەی جار یەکەمیان ئەنجام دەدەین: دەپرســین "مانا چییە؟" بەڵام دووەمیان بینینی پێکهاتەیە، بینینی هەڵبژاردنەکانە و بینینی ئەو شـتانەیە نووسـەر بە نەنووسراوی جێیان دەهێڵێت، ئەمەش ڕێك هەمان ئەو کارەیە کە دەبێ ڕەخنەگرێکی ڕاستەقینە بیکات.

"وێڵی" دەقێکە تێیـدا چەنـد پرســێکی بنەڕەتی بە شــێوەیەکی هـاوکـات کـاران: پرسی گێڕانەوەقبووڵکردنی ترس، پرسی ڕەگەزی ددانپێدانان لە کولتووری کوردیدا، پرسی کاتی گێڕانەوەیی و پەیوەندیی بە بێدەنگییەوە، پرسی نێوان "من"ی نووسراو و "من"ی ژیاو، و پرسێک کە ڕەنگە نوێترین و ترسناکترین بێت: ئەوەی کە ئەم ڕۆمانە کێ نابینێت و ئەم "نەبینینە" چی دەڵێت.

## ملنەدان بە گێڕانەوە: کاتێک زمان لە خۆی دەترسێت

### پارادۆکسی بنەڕەتی

چەق "وێڵی" کێشەی زمانە و ئەمەش سەرنجڕاکێشە، چونکە پارادۆکسی. سەرەکیی دەقەکە هەر ئەمەیە: گێڕەرەوە دەیەوێت بە زمان بەرگری لە "تۆ" بکات، بەڵام "تۆ" لە زمان دەترسێت. "تۆ" ئەو کەسەیە کە ڕۆژێک عاشقی وشەی "زێوان" بوو، کەسێک کە باوەڕی بەوە هەیە وشەکان هەستیان هەیە، بەڵام ئێستا نانووسێت، ناتوانێت بنووسێت یان نایەوێت بنووسێت، چونکە " نووسین هەموو ئەو گوناه و تاوانانەی نەمکردوون بیر دەخاتەوە " (ل86) ئەم ڕستەیە دەبێ لەسەری بوەستیت. ئەمە ڕستەیەکە لە خوێندنەوەی یەکەمدا ڕەنگە ئاسایی بێت، بەڵام ترسناکە. گوناهانێک کە نەتکردوون بەڵام نووسین بیرت دەهێنێتەوە واتای چییە؟ واتە نووسین یادەوەرییەک چالاک دەکات کە تۆ تۆمەتبار دەکات بە شتێک کە نەتکردووە. نووسین خۆی تۆمەتە. زمان خۆی دادوەرە.

دلاوەر ڕەحیمی لەم ڕۆمانەدا دەست بۆ یەکێک لە بنەڕەتیترین ململانێ کولتوورییەکان دەبات، کە ئەویش زمانە. واتە بۆ ئەو کۆمەڵگەیانەی کە زمانیان وەک ئامرازی کۆنترۆڵ بەرهەم هێناوە. لەم پانتاییەدا، نووسین یەکسانە بە بینران، بینرانیش یەکسانە بە بوون بە ئامانج. "تۆ" کە "هەموو تەمەنت لەگەڵ ئەو گۆڕانی و ئەو وشانەدا بەسەر برد، وەک جووتیارێکی خەمخۆر وشەکانت بژار دەکرد، وەک بیناسازێکی لێهاتوو وشەکانت بە دوای یەکدا ڕیز دەکرد و هەڵتدەچنین." (ل27)، ئێستا لە هەمان ئامرازەکەی دەترسێت. بەڵام گێڕەرەوە ئەم ترسە قبووڵ ناکات. بۆ ئەو، نووسین "هەم چەکێکی باشە بۆ بەرگریکردن..." (ل79). لە ڕاستیدا، خودی ڕۆمانی "وێڵی" ئەنجامی هەمان بڕیارە. ئەمەش واتە ڕۆمانەکە، خۆی نامەیەکە، پاڕانەوەیەکە، دەستێکی درێژکراوەیە بۆ ڕزگارکردنی کەسێک کە لە بێدەنگیدا خەریکە دەخنکێت.

لە نیوەی دووهەمی ڕۆمانەکەدا، ئەو شوێنەی کە دەنگی "من"ی حاشاکەر دێتە ژوورەوە، زمان بە شێوەیەکی سەرنجڕاکێش تووشی دڵەڕاوکێ دەبێت. ڕستەکان کورتر دەبنەوە، هەندێک جار نیوەچڵ دەمێننەوە، خاڵبەندییەکان زیاتر دەبن. ئەم "من"ە دەڵێت: "من لە نووسین دەترسم..." (ل90) و " قەت نامەم بۆ کەس نەنووسیوە... حاشا کەسێك نامەی لە منەوە پێ نەگەیشتووە... حاشا کەسێک هەبووبێت شایەنی ئەوە بێت، من دانیشتبم نامەم بۆ نووسی بێت... حاشا ..." (ل81). ئەم "حاشا" دووبارانە، خۆیان زمانێکی تایبەتن، زمانی کەسێک کە خەریکە بە شێوەیەکی

وەسـواسـییانە نکۆڵی دەکات. لە دەروونناسـیدا بەمە دەڵێن "نکۆڵیکردنی بەرگری"، هەرچەند زیاتر دووبارەی بکەیتەوە کە نیت، واتە زیاتر نیگەرانیت کە ڕەنگە هەبیت.

لە گۆشـەنیگای تەکنیکییەوە، یەکێک لە کارەکان کە دلاوەر ڕەحیمی کردوویەتی ئەوەیە ڕێگەی داوە زمانی دەقەکە خۆی "دەمارگیر" بێت. ڕسـتە درێژە دووبارەبووەکان لە بەشی یەکەمدا، واتە ئەو لیسـتە ناکۆتایەی کەسـانێك کە "تۆ"یان گەمارۆ داوە، خۆیان هەسـتی گەمارۆدان دروسـت دەکەن. خوێنەری باش، کاتێک ئەم دێڕانە دەخوێنێتەوە، بەهۆی ڕیتم و دووبارەبوونەوەکەوە هەناسـەی تەنگ دەبێت. ئەمە هەمان ئەو شتەیە کە ڕەخنەگرە فۆرمالیستەکان پێی دەڵێن "کاریگەریی بێژە".

"وێڵی" پارادۆکسـێکی بنەڕەتیی تێدایە کە لە هیچ کوێیەکی دەقەکەدا چارەسـەر نابێت، ئەمەش قووڵاییە نـەك لاوازی، چونکە ڕۆمانێکمـان هەیە لـەبارەی مەحاڵبوونی نووسـینەوە، نووسراوە. گێڕەرەوە بە ڕاشـکاوی دەڵێت: "من لە نووسـین دەترسـم... نووسـین دەمترسـێنێ..." (ل90)، بەڵام ئێمە خەریکین هەر ئەم ڕستەیە دەخوێنینەوە. واتە کەسێک کە لە نووسین دەترسێت، نووسیویەتی. کەسێک کە بە ئەوی تر دەڵێت نووسین مەترسیدارە، کەچی خۆی نووسیویەتی! ئەمە بە چ مانایەك دێت؟

لە نەریتی ئەدەبیاتی ددانپێدانانـدا، کـە نووسـەر بـە "درکان" و "خۆدرکان" هێناویەتی، لە ئۆگۆسـتینی قەدیسـەوە تا ڕوسـۆ، لە دۆسـتۆیڤسـکییەوە تا کافکا، نووسـینی "ناتوانم بنووسـم" خۆی هەر نووسینە. ئەمە یەکێکە لەو کەمە ساتانەی کە نووسین و ناوەڕۆکی نووسین بە تەواوی دەبن بە یەک. کاتێک "یاداشـتەکانی ژێرزەمین"ی دۆسـتۆیڤسـکی[1] بە "من مرۆڤێکی نەخۆشـم... مرۆڤێکی

[1] ڕۆمانی "یاداشتەکانی ژێرزەمین" کە لە ساڵی 1864 لەلایەن نووسەری ناوداری ڕووسی فیۆدۆر دۆستۆیڤسکییەوە بڵاوکراوەتەوە، بە یەکێک لە گرنگترین دەقە فەلسەفییەکانی مێژوو و بەردەبازی سەرەکی بۆ فەلسەفەی بوونخوازی دادەنرێت. ڕۆمانەکە لە دوو بەشی سەرەکی پێک دێت؛ بەشی یەکەم گوتارێکی فەلسەفییە کە تێیدا "پیاوی ژێرزەمین" ڕەخنە لە لۆژیک، زانسـت و ئەو بیرۆکە یۆتۆپییانە دەگرێت کە پێیان وایە مرۆڤ تەنیا بە دوای بەرژەوەندییەکانی خۆیدا دەگەڕێت. بە بڕوای دۆستۆیڤسکی، مرۆڤ بوونەوەرێکی ئاڵۆزە و ئامادەیە تەنانەت ئازاری خۆی بدات تەنیا بۆ ئەوەی بیسەلمێنێت کە خاوەن ئیرادەیە و نەبووەتە "کلیلێکی پیانۆ" لە دەست یاساکانی سروشتدا. لە بەشی دووەمدا، گێڕانەوەی ڕووداوەکانی ژیانی پاڵەوانەکە دەست پێ دەکات کە تێیدا دابڕانی قووڵی ئەو لە کۆمەڵگە، هەستی کەمتربینی و ململانێیە دەروونییەکانی لەگەڵ کەسانی دەوروبەریدا دەردەکەوێت. ئەم شاکارە وێنەیەکی ڕووتی مرۆڤی مۆدێرنمان بۆ دەکێشـێت کە لە نێوان عەقڵانییەت و یاخیبووندا گیری خواردووە و کاریگەرییەکی بێوێنەی لەسـەر بیرمەندانی وەک نیتچە و سارتەر و تەواوی ئەدەبیاتی سەدەی بیستەم هەبووە.

بەدڕەفتارم" دەست پێ دەکات، ئەو "نەخۆشی" و "بەدڕەفتارییە" خۆیان لە خودی کردەی ددانپێدانانەدا دەسەلمێنن. "وێڵی"یش هەر هەمان کار دەکات، بەڵام بە ئاڵۆزییەکی زیادەوە.

ئەو ئاڵۆزییە لێرەدایە: لە "یاداشتەکانی ژێرزەمین"دا، گێڕەرەوە خۆی ددان بە شتەکاندا دەنێت. لە "وێڵی"دا، گێڕەرەوە ددان بەوەدا دەنێت کە "تۆ" دەبێ ددانپێدانان بکەیت. ئەمەش مانای ئەوەیە مەودایەک لە نێوان ئەو کەسەی دەنووسێت و ئەو کەسەی کە دەبێ بنووسێت بوونی هەیە. ئەم مەودایە کە سەرتاپای ڕۆمانەکەی تەنیوە، خۆی یەکێکە لە گرنگترین بابەتەکانی دەقەکە. دلاوەر ڕەحیمی پێکهاتەکەی خۆی لەسەر بنەمای ئەم مەودایە دروست کردووە.

**پێکهاتەی "لەبری تۆ"**

لە قووڵاییی کایەی گێڕانەوەی ڕۆمانی "وێڵی"دا، ڕستەی "من هەموو شتێک لەبری تۆ دەکەم جگە لە نووسین" (ل91)، وەک کلیلێکی مۆدێرنیستی بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندیی نێوان "من" و "تۆ" کار دەکات. ئەم "لەبری تۆ"یە پرۆسەیەکی ئاڵۆزی ئاڵوگۆڕی سووژەییە و توانەوەیە لە ناو ئەوی تردا. گێڕەرەوە لێرەدا وەک "پاسەوانی بوون"ی کارەکتەرەکە دەردەکەوێت؛ ئەو لەبری ئەو پیاسە دەکات، دەچێتە ناو کۆڕ و کۆبوونەوەکان، تەنانەت لەبری ئەویش دەخواتەوە و مەست دەبێت. "ئەگەر عارەق بخۆمەوە، پەرداخ و ئاو و عارەق و سەهۆڵەکە جیا دەکەمەوە، یەکەمجار عارەقەکە تێدەکەم، ئینجا ئاو و پاشان چەند کلۆ سەهۆڵێک، ئینجا پەلە دەکەم لە ساردبوونیدا و پێکەکە بە یەک فڕ هەڵدەدەم" (ل91-92). ئەم لاساییکردنەوە فیزیۆلۆژییە نیشانەی ئەوەیە کە گێڕەرەوە دەیەوێت "بارە قورسەکانی ژیان" لەسەر شانی "تۆ" لادات، تا تەنیا یەک پانتایی بۆ بمێنێتەوە: پانتاییی نووسین.

لێرەدا پارادۆکسێکی قووڵی دەروونشیکاری سەرهەڵدەدات. گێڕەرەوە کە لە واقیعدا ناتوانێت "لەبری ئەو" بنووسێت، لە جیهانی خەوندا ئەو سنوورە دەبەزێنێت. ئەمە گوزارشتێکی کرۆکییە لە تێزی فرۆیدییانە کە "خەون ڕێگایەکی شاهانەیە بۆ ناسینی نائاگایی"؛ چونکە تەنیا لەوێدا "سانسۆری ئاگایی" نامێنێت و گێڕەرەوە دەتوانێت ئەو سنوورە ئاکاری و جوانیناسییەی کە لە واقیعدا ڕێزی لێ دەگرێت (نەنووسین لەبری ئەوی تر)، لە خەوندا ببەزێنێت. لەو خەونانەدا کە دۆستۆیفسکی و کافکا، یان نیتشە و فرۆید ڕووبەڕووی یەک دەبنەوە، ئێمە تەنیا لەبەردەم فەنتازیادا نین، هێندەی لەبەردەم ململانێی تیۆرییەکانی "ئازار و مانا"داین کە لە ناو ناخی گێڕەرەوەدا دەجەنگن.

خاڵی هەرە درەوشـاوەی ئەم بەشـەی ڕۆمانەکە، گۆڕانی "زمان"ە لە ئامرازەوە بۆ "سـووژە". کاتێک گێڕەرەوە لە خەوندا لەبری ئەو دەنووسـێت، چیرۆکگەلێک دەخوڵقێنێت کە "زۆرتر زمان، وشـە، پیـت و کـەسـیـەتیی"ن (ل94). ئەمە لوتکەی مۆدێرنیزم و نزیکبوونەوەیە لە تێزە پاشـپێکهاتەخوازییەکان کە دەڵێن: "مرۆڤ ناپەیڤێت، بەڵکوو زمان دەپەیڤێت". لێرەدا زمان چیتر "وەسفکەر"ی ڕووداو نییە و خۆی دەبێتە "ڕووداو". پیتەکان وەک کارەکتەری زیندوو دەجووڵێنەوە و زمان لە فۆڕمە مێژوویی و گێڕانەوەییە سادەکەی خۆی دادەماڵرێت.

ئەم "لەبری تۆ" نەنووسـینە لە واقیعدا، گەورەترین ڕێزگرتنە لە تاکخوازی و ڕەسـەنایەتیی کارەکتەرەکە. گێڕەرەوە دەزانێت کە دەتوانێت هەموو ئازارە جەسـتەیی و کۆمەڵایەتییەکانی "تۆ" هەڵبگرێت، بەڵام ناتوانێت "ناسنامە"ی ئەو بدزێت، چونکە نووسین دوایین شوێنە کە مرۆڤ تێیدا دەبێتە خۆی. ئەگەر گێڕەرەوە لەبری ئەو بنووسـێت، ئەوا "تۆ" بە تەواوی لەناو دەچێت. بۆیە، ئەم بێدەنگییە لە نووسیندا، لە ڕاستیدا "هاوارێکە بۆ مانەوەی ئەوی تر". دلاوەر ڕەحیمی بەم تەکنیکە، نیشـانی دەدات کە چۆن ئەدەبیات لە قووڵترین ئاسـتی خۆیدا، دەبێتە پارێزەری ئەو "ناگوترێیانە"ی کە تەنیا و تەنیا خاوەن ئەزموونەکە خۆی بۆی هەیە بیاننووسێت.

### کاتێک گێڕانەوە خۆی قووت دەدات

لە تیۆریی گێڕانەوەدا، یەکێک لە بنەما هەرە سـەرەکییەکان جیاکاریی نێوان "نیشـاندان" و "گێڕانەوە/ڕوونکردنەوە"یە. ڕۆمانی "وێڵی" کە لە کرۆکی خۆیدا ڕۆمانێکە "لەبارەی نووسـین"ەوە، لە نێوان ئەم دوو جەمسـەرەدا دێت و دەچێت. مەترسـیی گەورەی ئەم جۆرە دەقانە ئەوەیە کە هێندە نوقمی تیۆرییەکانی نووسـین ببن، کە پەیوەندییان لەگەڵ "لێدانی دڵی ژیان" بپچڕێت. دلاوەر ڕەحیمی لە هەندێک شـوێندا دەکەوێتە ناو ئەم داوەوە؛ کاتێک گێڕەرەوە بە زمانێکی پەخشـانئامێز و تژی لە مێتافۆر باس لە هێزی نووسین دەکات: "بە نووسین دەتوانی هەموو وێرانەییەک ئاوەدان بکەیتەوە... دەتوانی سـارایەک بکەیتە شـارێک پڕ لە ئازادی" (ل37). لێرەدا، دەقەکە خەریکی "ڕوونکردنەوە"ی توانای نووسینە نەک "نیشاندان"ی؛ ئێمە پێناسەی ئاوەدانی و چراخان دەبیستین، بەڵام هەستی پێ ناکەین، چونکە زمان لێرەدا بووەتە "بەیاننامە" نەک "وێنە".

ئەم گرفتە لە ئەدەبیاتی جیهانیدا بە جۆرێکی تر چارەسەر کراوە. بۆ نموونە، ئیتالۆ سڤێڤۆ لە "ویژدانی زێنۆ"دا[2]، نووسین وەک "چارەسەرێکی دەروونی" ناخاتە ڕوو، بەڵکوو لە ڕێگەی تێکشکانی بەردەوامی زێنۆ لە "دوایین جگەرە"دا، نیشانمان دەدات کە چۆن نووسینەوەی ژیان دەبێتە تاقە پەناگە بۆ مرۆڤێکی مۆدێرنی پڕ لە گرێ. هەروەها مایکڵ کانینگهام لە "کاتەکان"دا[3]، تەنیا باس لە کاریگەریی ڤێرجینیا وۆڵف ناکات؛ ئەو لە ڕێگەی سێ هێڵی کاتیی جیاوازەوە، نیشانمان دەدات کە چۆن "کاتژمێرەکان"ی ژیانی سێ ژن لە دەوری تاقە دەقێکدا (خانم دالۆوەی) دەخولێنەوە. لێرەدا نووسین "کردە"یە، نەک "باس".

بەڵام "وێڵی" لەو شوێنانەدا دەگاتە ئەوپەڕی جوانی و هەناسەدان کە دەگەڕێتەوە بۆ بنەمای "نیشاندان". دیمەنی ڕاکردن بەرەو پەیکەرەکەی ئیبن مستەوفی لە لای قەڵا (ل46-47)، یەکێکە لەو ساتە درەوشاوانەی کە تێیدا خەون و واقیع و نووسین لە یەک خاڵدا دەبنە "وێنە". هەروەها وردەکاریی ئامادەکردنی پێکەکە (سەهۆڵ، ئاو، عارەق) و گۆڕانی میزاجی کارەکتەرەکە دوای تێکەڵبوونی ناوەکان (مەهناز لەبری مەریەم)، ئەو ساتانەن کە تێیدا "وێڵی" لە "میتاڕۆمان"بوون

[2] ڕۆمانی "ویژدانی زینۆ" (La coscienza di Zeno) کە لە ساڵی 1923 لەلایەن نووسەری ئیتالیایی ئیتالۆ سڤێڤۆ (Italo Svevo)وە بڵاوکراوەتەوە، یەکێکە لە شاکارە هەرە گرنگەکانی ئەدەبیاتی مۆدێرنیزم و پێشەنگی ڕۆمانی دەروونشیکاری دادەنرێت. دەقەکە لە شێوەی یاداشتنامەیەکی ددانپێدانان نووسراوە کە تیایدا پاڵەوانەکە، زینۆ کۆسینی، بە ڕاسپاردەی پزیشکە دەروونییەکەی (دکتۆر ئێس) دەست دەکات بە نووسینەوەی ژیانی خۆی بۆ ئەوەی لە گرێ دەروونییەکانی ڕزگاری بێت. سڤێڤۆ لەم بەرهەمەدا بە شێوازێکی تەنزئامێز و قووڵ، باس لە ململانێی مرۆڤ لەگەڵ ئیرادە، نەخۆشییە خەیاڵییەکان و پرسی "جگەرەکێشانی کۆتایی" دەکات، کە تێیدا زینۆ هەمیشە شکست دەهێنێت لە بڕیارەکانیدا. ڕۆمانەکە بایەخێکی فەلسەفی و مێژوویی گەورەی هەیە، چونکە کاریگەریی بیرۆکەکانی فرۆیدی پێوە دیارە و وێنەی مرۆڤی سەردەمی مۆدێرن نیشان دەدات کە لە نێوان ڕاستی و پاساوهێنانەوە بۆ شکستییەکانی خۆیدا دەژی؛ ئەم دەقە دوای ئەوەی لەلایەن جەیمس جۆیسەوە پێشوازی لێکرا، ناوبانگێکی جیهانی پەیدا کرد و گۆڕانکاری بنەڕەتی لە تەکنیکی گێڕانەوەی ڕۆماندا دروست کرد.

[3] ڕۆمانی "کاتەکان" (The Hours) کە لە ساڵی 1998 لەلایەن نووسەری ئەمریکایی مایکڵ کانینگهام ( Michael Cunningham)ەوە بڵاوکراوەتەوە، یەکێکە لە دیارترین نموونەکانی ئەدەبیاتی پۆستمۆدێرن و "میتاڕۆمان" کە تێیدا ژیان و بەرهەمی ڤێرجینیا وۆڵف دەبێتە کەرەستەی سەرەکی گێڕانەوە. ئەم ڕۆمانە بە شێوازێکی تەکنیکیی بەرز، سێ ڕەهەندی کاتەکی و سێ کەسایەتیی جیاواز لە دەوری ڕۆمانی "خانمە دالۆوەی" گرێ دەداتەوە: خودی ڤێرجینیا وۆڵف لە ساڵی 1923دا کاتێک خەریکی نووسینی ڕۆمانەکەیە؛ لۆرا براون لە ساڵی 1949 کە دەیەوێت لە ڕێگەی خوێندنەوەی ئەم کتێبەوە لە جەنجاڵیی ژیانی خێزانی ڕابکات؛ هەروەها کلاریسا ڤۆن لە کۆتایی سەدەی بیستەمدا کە خەریکی ئامادەکارییە بۆ ئاهەنگێک و وەک کۆپییەکی مۆدێرنی "خاتوون دالۆوەی" دەردەکەوێت. کانینگهام بە وردییەکی زۆرەوە دەست دەخاتە سەر تەمومژەکانی نێوان ژیان و ئەدەب، پرسی خۆکوژی، تەنیایی مرۆڤ لە قەرەباڵغیدا، و ئەو ساتە کاتەکییانەی کە وەک "کاتەکان"ی تەمەنمان تێدەپەڕن و مانا بە بوون دەبەخشن. ئەم بەرهەمە کە خەڵاتی "پۆلیتزەر"ی بەدەست هێنا، لێکۆڵینەوەیەکی قووڵی جوانیناسانەیە لە کاریگەریی نووسین لەسەر گۆڕینی دیدگای مرۆڤ بۆ مەرگ و مانەوە.

دەردەچێت و دەبێتە "ژیان". لێرەدا زمان چیتر پێناسە چراخان ناکات و خۆی دەبێتە ئەو چرایەی کە تاریکاییەکانی ناخ ڕۆشن دەکاتەوە.

ئەم دووفاقییەی نێوان "ڕوونکردنەوەی هزری" و "نیشاندانی جوانیناسی"، "وێڵی" دەکاتە دەقێکی زیندوو کە هێشتا خەریکی ململانێیە لەگەڵ خۆیدا. ئەگەرچی هەندێک جار زمان بەرەو قسەی قەبە دەچێت، بەڵام ئەو دیمەنە وێنەییانەی کە تێیدا "تۆ" و "من" لە ناو جەنجاڵیی هەولێر و یادەوەرییەکانیاندا ون دەبن، دەیسەلمێنن کە دلاوەر ڕەحیمی دەزانێت چۆن ئەدەبیات لە ئەرکە کلاسیکییەکەی (گێڕانەوە) ڕزگار بکات و بەرەو ئاسۆیەکی مۆدێرن (بینین) ببات. ئا لێرەدایە کە نووسین دەبێتە "ئاوێنە"، نەک تەنیا "باسێک لەبارەی ئاوێنەوە".

## سیاسەتی بێدەنگی: کۆمەڵگە چۆن بێدەنگی بەرهەم دەهێنێت؟

### بێدەنگی وەک بەرهەم

"وێڵی" ڕۆمانێکی سیاسییە، بەڵام نەک بەو شێوەیەی کە زۆربەی جار بیری لێ دەکەینەوە. لە ئەدەبیاتی کوردیدا، "سیاسی" زۆرتر واتە بیرکردنەوە قسە لەبارەی جەنگ، نەتەوە، دەوڵەت، لەبارەی قوربانیانی مێژوو. "وێڵی" هیچ کام لەمانە نییە، ئەمەش خۆی بڕیارێکی سیاسییە.

ڕۆمانەکەی دلاوەر ڕەحیمی لەبارەی سیاسەتی بێدەنگییە، واتە ئەو میکانیزمەی کە کۆمەڵگە بەکاری دەهێنێت تا ئەو کەسانەی بەهۆی شێوازی بوونیانەوە "جیاوازن"، نەک بەهۆی ئایدیۆلۆژیاوە، بێدەنگ بکات. ئەم میکانیزمە نە بە زیندان و نە بە سێدارە کار ناکات؛ ئەو بە شتێک کار دەکات کە کەمتر دەسەلمێنرێت: بە چاو، بە زمان، بە چاوەڕوانی. ئەمە ڕێک ئەو دۆخەیە کە میشێل فوکۆ لە وەسفی چەمکی "چاودێری و سزادان"دا باسی دەکات؛ کاتێک کۆمەڵگە دەبێتە "سەیرینگە" (Panopticon) و تاک لە هەموو لایەکەوە هەست بە چاوێکی نادیار دەکات کە دەبێتە هۆی ئەوەی تاک خودی خۆی سانسۆر بکات.

گێڕەرەوە ئەم میکانیزمە بە وردەکارییەکی جێتێڕامانەوە ڕوون دەکاتەوە: "بە سێ نووسەر، شانزە نووسەر، بە هەموو نووسەرەکان – نووسەرەکان پاسەوانی ڕاستەقینەی ئەم بەندیخانانەن -" (ل1). ئەم ڕستەیە خۆی بانگەشەیەکی بوێرانەیە: پاسەوانانی بێدەنگی نە دەوڵەتن، نە پۆلیس، ڕاستییەکەی خودی نووسەرانی کۆمەڵگەن. ئەو کەسانەی کە دەبێ پێنووسیان هەبێت بەڵام

پێنووسەکانیان کردووە بە قەفەس. "کۆمەڵگەکان لە ڕژێمەکان ترسناکترن، کۆمەڵگەکان ڕژێمە ترسناکەکان دروست دەکەن، ئایینەکان دروست دەکەن، سیستەمی پەروەردە دادەڕێژن نەك بە پێچەوانەوە" (ل21).

ئەم بانگەشەیە - کە کۆمەڵگە لە ڕژێم ترسناکترە - لە ڕواڵەتدا سادە دەردەکەوێت، بەڵام دەرهاویشتەی گرنگی هەیە. ئەگەر دوژمنی سەرەکی "ڕژێم"ێك بێت، دەتوانیت لە بەرانبەری بوەستیتەوە، لێی ڕابکەیت و دژایەتیی بکەیت. بەڵام ئەگەر دوژمنی سەرەکی "کۆمەڵگە" بێت، واتە خێزان، دراوسێ، دۆست، مامۆستا، هیچ شوێنێک نییە بۆی ڕابکەیت. وەک چۆن لە نمایشی "دەرچەیەک نییە"[4]ی سارتەردا دەردەکەوێت کە چۆن سێ کارەکتەر لە ژوورێکی داخراودا یەکتری ئەشکەنجە دەدەن بێ ئەوەی ئامرازێکی فیزیکییان پێ بێت، لێرەشدا "ئەوانی تر" دەبنە دۆزەخەکە.هیچ هێڵێکی بەرەی شەڕ نییە کە لە پشتییەوە بوەستیت. دوژمن لە هەموو شوێنێکە. دوژمن "سیانزە دراوسێی لای چەپت"ە "کە هەشتیان مامۆستان"، "نۆ دراوسێی لای ڕاست"تە "کە هەر نۆیان مامۆستان" (ل2). ئەم وردەکارییە لە ژمارە و پیشەدا (مامۆستا) نیشانەی ئەوەیە کە کۆمەڵگە لە ڕێگەی پەروەردە و چاودێرییەکی وردەوە، تاک گەمارۆ دەدات. لێرەدا مانا جیهانییەکەی ئەوەیە کە "سیستەم" تەنیا حکومەت نییە و لە ڕاستیدا ئەو دراوسێیەیە کە لە پەنجەرەوە سەیری "جیاوازی"یەکانت دەکات و وەک تاوان پۆلێنیان دەکات.

## پلەبەندیی ئازار

یەکێک لە تێبینییە هەرە ناسکەکانی دلاوەر ڕەحیمی، پرسێکە کە دەکرێ ناوی بنێم "پلەبەندیی ئازار". لە "وێڵی"دا گێڕەرەوە دەڵێت: "تۆ لە پاسەوانە میهرەبان و دڵسۆزەکانت، زیاتر لە پاسەوانە توندوتیژەکانت، لە پاسەوانە زماندرێژەکانت دەترسی" (ل18). ئەمە یەکێکە لە ڕاستگۆیانەترین ڕستەکانی ڕۆمانەکە و لە هەمان کاتدا یەکێکە لە پڕئازارترینەکانی. ئێمە زۆربەی جار وا بیر دەکەینەوە کە میهرەبانی پارێزەرە. بەڵام "وێڵی" دەڵێت نەخێر: لە هەندێک بارودۆخدا،

[4] دەرچەیەک نییە (Huis clos) یەکێکە لە کارە هەرە ناسراوەکانی ژان پۆڵ سارتەر (١٩٤٤). چیرۆکەکە لە ژوورێکی داخراودا ڕوو دەدات کە سێ کارەکتەری تێدایە و تازە مردوون. ئەوان چاوەڕێی ئامرازەکانی ئەشکەنجەی دۆزەخ دەکەن، بەڵام وردە وردە بۆیان دەردەکەوێت کە هیچ جەلاد و ئامرازێکی فیزیکی لە ئارادا نییە؛ بەڵکو ئەوە "خودی ئەوانن" کە بە چاودێریی بەردەوام، دادگاییکردنی یەکتری و ڕێگریکردن لە ئازادیی یەکتر، دۆزەخ بۆ یەکتری بەرهەم دەهێنن. سارتەر لە ڕێگەی ئەم دەقەوە دەیسەلمێنێت کە مرۆڤ لەژێر چاوی ئەوانی تردا دەبێتە "بابەت" و ئازادییەکەی لەدەست دەدات، هەر بۆیە ڕستە کلیلەییەکەی شانۆگەرییەکە دەڵێت : "دۆزەخ، واتە ئەوانی تر."

میهرەبانیی کۆمەڵگە لە خراپڕەفتارییەکەی ترسـناکترە، چونکە خراپڕەفتاری دەکرێت ناو بنرێت، لێی ڕابکرێت، بەرگری لە بەرانبەردا بکرێت. بەڵام میهرەبانی لە ڕاسـتیدا جۆرێکە لە کۆنترۆڵ! چۆن دەتوانیت بڵێیت دڵسـۆزیی تۆ ئازارم دەدات؟ کۆمەڵگە ئەم جۆرە نارەزایەتییە وەک لادان و بێوەفایی دەبینێت. ئەم تێڕوانینە لە ڕووی فەلسـەفییەوە لە چەمکی "ئەخلاقی بەزەیی" لای نیچە نزیکە، کە تێیدا میهرەبانی دەبێتە ئامرازێک بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکانی تاک و تواندنەوەی لە ناو کۆمەڵدا.

گێڕەرەوە ئەمە بە نموونەیەکی ورد نیشـان دەدات: «بێزت بە قسـەکردن و ئامۆژگارییەکانی میهرەبان و دڵسـۆزەکان هەڵدەسـتا، ڕشـانەوەت دەهات، لەوکاتانەدا بەخورتی دەیان ڕشـانەوەت ڕاگرتووە..." (ل18). ڕشـانەوە لێرەدا جەسـتەییترین و ڕاسـتەقینەترین کاردانەوەی گونجاوە بۆ میهرەبانییەک کە دەیەوێت ناوەوەی مرۆڤ داگیر بکات. وەک چۆن سـارتەر لە "هێڵنج"[5]دا باس لەوە دەکات کە دڵتێکچوون کاردانەوەیەکە بەرانبەر بەو شـتە "زیادە" و "بێمانایانەی" دەیانەوێت بوونی ئێمە داگیر بکەن، لێرەشدا "وێڵی" جەستەی دەبێتە دوایین سەنگەری بەرگری. دلاوەر ڕەحیمی بەم وێنەیە، شتێک نیشان دەدات کە لە دەروونناسیی ئەمڕۆدا پێی دەوترێت "میهرەبانیی ژەهراوی" (la gentillesse toxique) میهرەبانییەک کە لە ڕاسـتیدا ئامرازی کۆنترۆڵە، کە بارێک دەخاتە سەر شانت، کە دەڵێت من دڵسۆزی تۆم کەواتە دەبێ بەو شێوەیە بیت کە من دەمەوێت.

### گوتاری قوربانیسازی

"وێڵی"، لەگەڵ هەموو ئـەو هێزەی لە وەسـفکردنی میکانیزمی بێدەنگیدا هـەیـەتی، بـەڵام کێشـەیەکی پێکهاتەیی هەیە: هەندێک جار بە شـێوەیەکی نەخوازراو لە "گوتاری قوربانی" نزیک دەبێتەوە. گوتاری قوربانی واتە من هەم و کۆمەڵگەش دوژمنی منە. هەموو شتێک لە دەرەوە بەسەر مندا سـەپێنراوە. من سـەرەتا تەواو و گەشـاوە بووم و پاشـان کۆمەڵگە هات و منی وێران کرد. کەواتە تاوانی من نییە. کەواتە چاوەڕوانی بەرگری لەخۆکردنیشـم لێ مەکەن. "وێڵی" خۆی ددان بەمەدا دەنێت و نایشـارێتەوە، باوەڕی بەوە هەیە کۆمەڵگە بەڕاسـتی مرۆڤەکان بێدەنگ دەکات، ئەمە ڕاسـتییە. بەڵام ئەوەش نیشـان دەدات کە مرۆڤەکانیش لە بێدەنگبوونیاندا پشـکیان هەیە. بێگومان ئەمە بەو مانایەیە کە "بکەر"ن، نەک تەنیا "بەرکار".

[5] هێڵنج (La Nausée) ڕۆمانێکی ژان پۆڵ سـارتەرە (١٩٣٨)، تێیدا کارەکتەری سـەرەکی هەسـت بە جۆرە بێز و دڵتێکچوونێکی فیزیکی بەرانبەر بە بوون و دەوروبەرەکەی دەکات، کە ئەمە هێمایە بۆ هەسـتکردن بە بێمانایی و ئەو فشارەی کە جیهانی دەرەوە دەیخاتە سەر تاک.

ئەم بابەتە بە نموونە ڕوونتر دەکەمەوە: گێڕەرەوە دەڵێت "کۆمەڵگە بە هەموو هێزی زۆرداری خۆیەوە هاتبووە گۆڕەپان" (ل20) و "تۆش دەستەوسان بوویت" (ل21). بەڵام هەر لە هەمان شوێندا، دەڵێت "تۆش زۆر زوو گەردنت خستە بەر خەنجەرەکەی، زۆر زوو ترست لێ نیشت" (ل20). ئەم "زۆر زوو"ە جۆرێکە لە بکەری، هەرچەندە نەخوازراویش بێت. واتە "تۆ" هەڵت بژارد، تەنانەت ئەگەر ئەو هەڵبژاردنە لەبەر ئەو پاساوەش بووبێت کە پێشتری دەیهێنیتەوە: "بەڵام پاساوی من بۆ نەتوانینەکەت ئەوە نەبوو، تەنیا ئەوە نەبوو تۆ نەتدەتوانی لەبەر ئەوەی ئێمە دەستمان هەبوو لەوەی تۆ ببیتە جەلاد و ئەشکەنجەگەری خۆت، بەڵکوو تۆ نەتدەتوانی، چونکە ویست بوونی نییە، تۆ کەوتبوویتە ژێر جەبری ڕێساکانی کۆمەڵگە..." (ل19).

ئەمە ڕەنگە جۆرێك لە تایبەتمەندیی ئەدەبیاتی سیاسەتی بێدەنگی بێت، هەر وەک چۆن لە شیعری ئەلیزابێس بیشۆپدا[6] بێدەنگی تەنیا بەرئەنجامی سەرکوت نییە و بەخۆی جۆرێکە لە ستراتیژیی "مانەوە" کە خودی کەسەکە هەڵیدەبژێرێت. لەم جۆرە ئەدەبیاتەدا، ئەو ساتانەش دەبینین کە کەسەکە خۆی تێیدا بووەتە هاوبەشی بێدەنگییەکەی. بۆیە "وێڵی"یش هەر لە سەرەتای ڕۆمانەکەوە ئەمە دەبینێت، "منیش یەکێك لە پاسەوانەکان بووم، بەئاسانی پشتم لێ کردی، چوومە بەرەی هەمووانەوە" (ل11).

## کێ نابینرێت؟

یەکێک لەو پرسیارانەی کە دەبێ ڕەخنەگر لە هەر دەقێکی بپرسێت ئەمەیە: ئەم دەقە کێ نابینێت؟ هەر گێڕەرەوەیەک، بە هەڵبژاردنی گۆشەنیگای خۆی، بە ناچاری هەندێک کەس لە گۆڕەپانەکە دەخاتە دەرەوە. لە "وێڵی"دا، ئەم "نائامادە پێکهاتەییانە" سێ جەمسەری سەرەکین:

[6] سیاسەتی بێدەنگی لە شیعرەکانی ئەلیزابێس بیشۆپ (Elizabeth Bishop)دا یەکێکە لە دیارترین ڕەهەندە هونەری و فەلسەفییەکانی کە لە ئەدەبیاتی سەدەی بیستەمدا پێگەیەکی تایبەتی پێ بەخشیوە. بیشۆپ بە پێچەوانەی هاوچەرخەکانی (وەک ڕۆبێرت لۆوێڵ)، پەنای بۆ ڕاشکاوییەکی زیاد لە پێویست یان "شیعری ددانپێدانان" نەدەبرد، ئەو بێدەنگیی وەک ئامرازێکی گوزارشتکردن بەکار دەهێنا بۆ نیشاندانی ئەو شتانەی کە لە توانای زماندا نین بیانڵێت. ئەم بێدەنگییە لە لای ئەو، لە ڕێگەی بەکارهێنانی "سپایی" لە نێوان دێڕەکان، وەسفی وردی شتە مادییەکان و خۆلادان لە دەربڕینی ڕاستەوخۆی سۆزەکیدا دەردەکەوێت؛ بە جۆرێک کە خوێنەر لە پشت ئەو وەسفە سارد و بێدەنگانەوە، هەست بە قووڵییەکی گەورە لە تەنیایی، غەریبی و ونبوون دەکات. بێدەنگی لای بیشۆپ تەنیا نەبوونی دەنگ نییە، لەڕاستیدا جۆرێکە لە پاراستنی مەودای نێوان "من"ی شاعیر و جیهانی دەرەوە، کە تێیدا مانا لە ڕێگەی "نەگوتراوەکان"ەوە چڕ دەبێتەوە. ئەم تەکنیکە وای کردووە شیعرەکانی هەمیشە جۆرێک لە شکۆمەندی و نهێنییان تێدا بمێنێتەوە، کە تێیدا بێدەنگی دەبێتە زمانێکی هاوتەریب بۆ گوزارشتکردن لەو ئازارانەی کە قەبارەیان لە وشە گەورەترە.

یەکەم: ژنان (سێبەر لەبری کارەکتەر)

لە تەواوی ڕۆمانەکەدا، ژنان نزیکەی نائامادەن، یان بە شـێوەیەکی سـیمبۆلیکی ئامادەن. "مریەم بۆکانی"ی گۆرانییەکەی حەسەن زیرەک، "مەهناز" کە ناوەکەی هەڵەیە (ل50)، "کیژەکانی ناو خەیاڵت" (ل42)، ئەمانەش لە ڕاستیدا سێبەرن نەک کارەکتەر. "تۆ" لە جیهانێکی تاڕادەیەك پیاوانەدا دەژی: پیاسە دۆستانەکان، چایخانەکان، دانیشتنەکانی خواردنەوە. ئەمە وەبیرهێنەرەوەی ئەو ڕەخنەیەیە کە ئاراستەی ڕۆمانی "سەگی سپی"ی ڕۆمان گاری[7] دەکرێت، کە تێیدا کێشەی ڕەگەزیی باس دەکرێت بەڵام لە دیدگایەکی تەواو سپیپێستانەوە. لێرەشدا، کێشەی "سەرکوت" تەنیا لە دیدگای پیاوانەوە دەبینرێت، ئەم نائامادەییەی ژنان لە جیهانی گێڕانەوەیی ڕۆمانەکەدا، هەڵبژاردنێکە، چ بە ئاگایانە بێت یان نائاگایانە. بەڵام ئەم هەڵبژاردنە شتۆکەیەک لەبارەی ئەو جیهانەوە دەڵێت.

دووەم: چینەکانی خوارتر (بژاردەی ڕۆشنبیر)

"تۆ"ی ڕۆمانەکە ڕۆشـنبیرێکی هەولێرییە، یان ڕۆشـنبیرێکە لە هەولێر کە لە چایخانەکاندا کتێب دەخوێنێتەوە، لە کافکا و دۆستۆیۆڤسکی دەدوێت، لە کلینیکەکاندا بۆ خوێندنەوەی گۆڤارەکان پارەی پشـکنین دەدات. میکانیزمی سـەرکوتکردنی کۆمەڵگە کە ڕۆمانەکە باسی دەکات، تا چەند تایبەتە بەم چینە؟ ئایا "دیل"بوون ئەزموونێکی چینیایەتیشە؟ ڕۆمانەکە ئەم پرسیارە ناکات. لێرەدا دەقەکە لە جۆرێک لە دەسـتەبژێرخوازی نزیک دەبێتەوە. وەک چۆن لە ئەدەبیاتی مۆدێرنیزمی ئەوروپیدا زۆرجار ئازار تەنیا وەک کێشەیەکی بوونەکی ڕۆشـنبیران وێنا دەکرا، "وێڵی"یش ئەو چینە پشـتگوێ دەخات کە بۆ نان دەجەنگن و ڕەنگە سـەرکوتکردنی ئەوان زۆر توندتر و فیزیکیتر بێت لە هیی ڕۆشنبیرێک.

[7] "سەگی سپی (Chien blanc) ڕۆمانێکی نیمچەژیاننامەیی نووسەری فەڕەنسی ڕۆمان گارییە (١٩٧٠). دەقەکە باس لە سەگێکی دۆزراوە دەکات کە بەوە ڕاهێنراوە تەنیا هێرش بکاتە سەر "ڕەشپێستەکان". ڕۆمانەکە وەك ڕەخنەیەکی توند لە ڕەگەزپەرستیی ئەمریکا لە ساڵانی شەستەکاندا دەردەکەوێت، بەڵام لە ڕووی ڕەخنەی ئەدەبییەوە، زۆرجار وەك نموونەیەك بۆ ئەو دەقانە دەهێنرێتەوە کە "کێشەیەکی گشتی" باس دەکەن (وەک ڕەگەزپەرستی یان سەرکوت)، بەڵام تەنیا لە گۆشەنیگایەکی دیاریکراوەوە (پیاوی سپیپێستی ڕۆشنبیر) دەیبینن. لێرەدا ڕەخنەکە ئەوەیە کە قوربانییە ڕاستەقینەکان (ڕەشپێستەکان) لەناو دەقەکەدا وەك "بابەت" و "سێبەر" دەردەکەون، نەك وەك "بکەر" یان کارەکتەری خاوەن دەنگ، ڕێك وەك ئەو نائامادەییەی ژنان یان چینەکانی خوارتر کە لە "وێڵی"دا تێبینی دەکرێت.

سێیەم: نەوەی گەنجتر (نۆستالژیای شوێن)

ڕۆمانەکە لە کاتی ڕابردوودا ڕوو دەدات، ڕۆژانی گوێگرتن لە حەسەن زیرەک، چایخانە بچووکەکان، بازاڕی سێتاقان و سەیداوە. ئەم جیهانە، جیهانی ئەمڕۆی هەولێر نییە. ئەمەش خۆی شتێک دەڵێت: ئەو هەولێرە خۆشەی کە گێڕەرەوە باسی دەکات، لە ڕاستیدا هەولێری نەوەی گێڕەرەوە بووە، واتە هەولێری نەوەیەکی تر بە جۆرێکی تری سەرکوتکردنەوە. ئایا نەوەی ئەمڕۆش هەمان وێلیی هەیە؟ ئەگەر هەیەتی، چۆن؟ "وێڵی" ئەم پرسیارە بە کراوەیی جێ دەهێڵێت کە ڕەنگە ئەم "بەکراوەیی جێهێشتنە"ش هەڵبژاردنێك بێت وەك جۆرێک لە وەفاداری بۆ ئەو نەوەیەی کە "وێڵی" لێیەوە هاتووە.

## کاتی شکاو: یادەوەری، نۆستالژیا و ملنەدان بۆ مێژوو

### ڕۆمانی بێمێژوو

"وێڵی" لە کاتدا مەلە دەکات. هیچ مێژوویەکی وردی تێدا نییە، تەنیا یەک مێژوو نەبێت: "2017/4/13" (ل95) کە لەسەر کێلی گۆڕی "تۆ" نووسراوە. ئەم مێژووە تاقانەیە لە کۆتایی ڕۆمانەکەدایە، و ڕەنگە یەکێک بێت لە دەگمەن لەنگەرە کاتییەکانی دەقەکە. ئیتر سەرپاکی ڕۆمانەکە لە "ئێستایەکی بەردەوام"دا ڕوو دەدات، کە هەندێک جار یادەوەرییە، هەندێک جار ئێستایە و هەندێک جاریش ناڕوونە.

ئەم بێمێژووییە هەڵبژاردنێکی ئاگامەندانەیە، بەڵام دەرهاویشتەی هەیە. لەلایەکەوە، بە لابردنی مێژوویەکی دیاریکراو، ڕۆمانەکە بانگەشەی ئەوە دەکات کە وێڵیی "تۆ"، وێڵیی تاکێک لە کاتێکی تایبەتدا نییە و بارودۆخێکی مرۆیی بەردەوامە. ئەم بانگەشەیە هەم دەکرێت وەک خاڵی هێز ببینرێت و هەم وەک خاڵی لاوازی: هێزە ئەگەر بتەوێت ڕۆمانێک بنووسیت کە هەمیشە بە هاوچەرخی بمێنێتەوە؛ لاوازییە ئەگەر ئەم بێمێژووییە ببێتە هۆی ئەوەی ڕەگە کۆمەڵایەتییە دیاریکراوەکانی ئازارەکە لەدەست بچن.

لە ئەدەبیاتی ئەمڕۆی جیهاندا، باسێک هەیە لەبارەی ئەو بەرهەمانەی کە "لە کات هەڵدێن"، واتە ئەو بەرهەمانەی بابەتە کۆمەڵایەتییەکان دەگۆڕن بۆ "تاکێکی هەتاهەتایی" تا لە تێوەگلان لە مێژوویەکی دیاریکراو خۆیان بپارێزن. ئەم تێڕوانینە گوزارشت لە ستراتیژییەک دەکات کە تێیدا

نووســەر هەوڵ دەدات دەقەکەی لە "کاتی ئاســۆیی" - کە کاتی ڕووداوە مێژوویی و ســیاســییەکانە - دەربهێنێت و بیخاتە ناو "کاتی ســتوونی" یان "گەردوونی"یەوە؛ ئەمە بەو مانایەیە کە نووســەر نایەوێت بەرهەمەکەی تەنیا گەواهیدەرێکی ســەردەمێکی دیاریکراو بێت، هێندەی دەیەوێت وەک "دەقێکی هەتاهەتایی" بمێنێتەوە. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم چەمکە دەکرێت ئاماژە بە دوو نموونەی جیاواز بکەین: یەکەمیان، لە ڕۆمانی "نامۆ"ی ئەلبێر کامودا، هەرچەندە کارەکتەری مێرســۆ لە سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراودا دەژی، کە جەزائیرە لەژێر سایەی فەرەنسادا، بەڵام کامۆ ڕووداوەکان بە جۆرێک دادەڕێژێت کە کێشــەی مێرســۆ تەنیا "نامۆبوونی مرۆڤ بێت لە بەرانبەر گەردووندا"، بەمەش مرۆڤەکە لە "هاووڵاتییەکی ســیاسی"یەوە دەگۆڕدرێت بۆ "تاکێکی هەتاهەتایی" کە ڕووبەڕووی پوچی دەبێتەوە، ئەمەش وای کردووە ڕۆمانەکە لە هەموو ســەردەم و شــوێنێکدا مانا بدات، چونکە خۆی لە مێژووە دیاریکراوەکە دزیوەتەوە بۆ ناو ململانێیەکی فەلســەفیی نەبڕاوە. دووەمیان، نموونەی "ئەدەبیاتی پارێزراو" یان شێوازی ساموێل بێکێتە؛ بێکێت لە شانۆگەریی "لە چاوەڕوانیی گۆدۆ"دا، نموونەی هەرە باڵای ئەم "هەڵاتن لە کات"ە پێشــکەش دەکات، چونکە لە دەقەکەدا هیچ ئاماژەیەکی مێژوویی، شــوێنێکی دیاریکراو، یان باکگراوندێکی کۆمەڵایەتی بۆ ڤلادیمێر و ئێســتراگۆن نییە و ئەوان لە "هیچ شــوێنێک" و لە "هیچ کاتێک"دا نین. بێکێت لێرەدا هەموو تێوەگلانە مێژووییەکانی سڕیوەتەوە تا تەنیا "بوون" وەک خۆی بمێنێتەوە، کاتێکیش مرۆڤ لە ناسنامە کۆمەڵایەتییەکەی دادەماڵرێت، دەبێتە ئەو "تاکە هەتاهەتاییە"ی کە تەنیا کێشەی کات و چاوەڕوانی و مەرگی هەیە، نەک کێشەی جەنگێکی دیاریکراو یان شۆڕشێکی سیاسی. "وێڵی" هەندێک جار لەســەر ئەم ســنوورە دەجووڵێت. ئەگەر بمانەوێ مێژوویەك بۆ وێڵیی "تۆ" دیاری بکەین، ڕێك کەی ڕووی داوە؟ چ ڕووداوێکی دیاریکراو بووەتە هۆکاری؟ ڕۆمانەکە ئەمە دەزانێت: "تۆ ئەو هەموو ســاڵە، ئەو هەموو تەمەنە بەرگەی قورسی و ســەختی ئەو ڕێگەیەت گرتبوو، ئەو تەنیاییەت هەڵگرتبوو، بەڵام بە یەک ڕۆژ، بە یەک کاتژمێر بەچۆکدا هاتی" (ل40)، بەڵام ئەو "ڕۆژە" ناڵێت. ئەم "نەگوتنە"، ئایا هەڵبژاردنێکی هونەریی ئاگامەندانەیە یان خۆپاراســتنە لە مەترسی؟ ڕەنگە هەر خوێنەرێك تێڕوانینێکی جیاوازی بۆی هەبێت.

### نۆستالژیا و فریوخواردنی

"وێڵی" لە بەشــێکی زۆریدا گیرۆدەی نۆســتالژیایە، نۆســتالژیا بۆ هەولێری کۆن، بۆ قەڵا، بۆ کۆڵان و چایخانەکان، بۆ حەســەن زیرەک، فەرهاد زیرەك، نوری گەرمیانی، عەلی مەردان، عەبدولخالق مەعروف و ژمارەیەك کەسایەتی و دەق و شــوێن و کەرەســتەی تر. ئەم نۆســتالژیایە

هەندێک جار زۆر کاریگەرە. بەڵام ڕەخنەگر دەبێ بپرسـێت لەم ڕۆمانەدا نۆسـتالژیا دەیەوێ چی بکات؟

نۆسـتالژیا دوو کارکردی سـەرەکی هەیە. یەکەم: بەراوردکاری، واتە "لەوێ کە بووین" لە بەرانبەر "لێرە کە هەین". ئەم کارکردەش لە "وێڵی"دا چالاکە. هەولێری جاران لە بەرانبەر هەولێری ئێستا وەك بەشێك لە کوردستان کە "کە بووەتە بازاڕی ئاسن و تەنەکەی ژەنگاوی، بووەتە بازاڕی ئەدەب و هونەری کیچ و ژەنگاوی" (ل56). دووەم: پەناگە، "لەوێ کە بووین" شـوێنێکی ئارامە لە بەرانبەر "لێرە کە هەین" کە مەترسیدارە. ئەم کارکردەیش لە "وێڵی"دا هەیە.

بەڵام نۆسـتالژیا کێشـەیەکی بنەڕەتی هەیە، ئەویش ئەوەیە کە یادەوەری ئایدیالیزە دەکات. لێرەدا دەکرێت ئاماژە بە چەمکی "نۆسـتالژیای ڕەخنەیی" لای سـڤیتلانا بۆیم (Svetlana Boym) بکەین؛ ئەو جیاوازی دەکات لە نێوان نۆستالژیایەک کە دەیەوێت ڕابردوو وەک خۆی بگەڕێنێتەوە (Restorative)لەگەڵ نۆسـتالژیایەک کە تەنیا بۆ تێڕامان و مانا بەخشـینە بە برینەکان (Reflective). "وێڵی" لە جۆری دووەمە. چونکە تەنانەت لەو ڕابردووە ئایدیالیزەکراوەشـدا، "تۆ" ئازاد نەبووە و لە ژێر هێرشی ئامۆژگاری و سەرکۆنەکردنەکاندا بووە. بۆیە ئەو "هەولێرەی پێشوو" کە لە ڕۆمانەکەدا باسی لێوە دەکرێت، ئایا بەڕاستی شوێنێکی ئارام بوو؟ ئایا لەو "هەولێرەی پێشوو"دا، بەو چایخانە و دارتوو و بازاڕانەوە، "تۆ" بە ئازادی دەیتوانی خۆی بێت؟ ڕۆمانەکە نیشـانی دەدات کە نەخێر، تەنانەت لەو "هەولێرەی پێشـوو"شـدا، "تۆ" لە میهرەبانییەکانی باوک و مامۆسـتا هێڵنجت دەهات، "تۆ لەو کاتانەشـدا نەتدەتوانی جگەرە بکێشیـ، نەبادا دوکەڵ بڕشـێیتەوە ... تۆ گوێت پڕ کراوە لە ئامۆژگاری و لە سـەرزەنشـت. تۆ کەوتبوویتە بەر هێرشی ئامۆژگاری و سەرزەنشتەکان" (ل19).

کەواتە ئەم نۆسـتالژیایە لەبارەی چییەوەیە؟ ڕەنگە پێویسـت بێت بەم شـێوەیە ببینین: نۆستالژیای "وێڵی" نۆستالژیای "خودی باشتر"ە، نەک نۆستالژیای "جیهانی باشتر". گێڕەرەوە بیر لە کاتێک دەکاتەوە کە "تۆ" هێشـتا دەیتوانی شـادیی هەبێت، هێشـتا بە جوانیی وشـەی "زێوان" سەرسام دەبوو، هێشتا لەجیاتی هەڵپەڕین هەڵدەقونییەوە (ل43)، هێشتا بێپارە و دڵخۆش دەچووە چایخانە. ئەم نۆسـتالژیایە لەبارەی جیهانی دەرەوە نییە، و لەبارەی توانای ناوەکیی «تۆ»یە بۆ شادبوون.

ئەم جیاکارییە گرنگە. چونکە ئەگەر کێشـــەکە "هەولێری ئێســـتا" بێت، ڕەنگە چارەســـەر "ڕۆیشتن" بێت. بەڵام ئەگەر کێشەکە "لەدەستدانی توانای شادی" بێت، هیچ شوێنێک نییە بۆی بڕۆیت. "وێڵی" ئەمەی دووەمیان دەڵێت، بەڵام هەندێک جار لە فۆڕمی یەکەمدا دەری دەبڕێت، کە ئەمەش یەکێکە لە شوێنە جێتێڕامانەکانی دەقەکە.

## جوگرافیا و مردن: هەولێر و گۆڕستانە بێناوەکان

لە "وێڵی"دا، هەولێر دۆخێکی دەروونییە نەك بەتەنیا شارێك. ئەمە بە ڕوونی لەوێدا دەبینرێت کە گێڕەرەوە لە پردی ســـەیداوە دەدوێت و دەڵێت "بیرم کەوتەوە تۆ بە پردی ســـەیداوەت دەوت نووری گەرمیانی" (ل27). شوێنێک کە خەڵکی تر تەنیا ناوی فەرمی دەبینن، "تۆ" شاعیرانەترین ناوی گونجاوی بۆ دادەنێیت. هەولێری "تۆ" شارێکە هەر کۆڵانێکی ناوی هەیە، هەر پردێکی دەنگی هەیە، هەر مەیدانێکی بە یادگاریی کەسێکە کە کۆمەڵگە لەبیری کردووە. "یەکێک لە کۆڵانە سەرەکییەکانی گەڕەکی سەیداوەشت ناونابوو هەوری لار" (ل27).

ئەم ناونانە تایبەتییانەی "تۆ"، نیشـــانەی خاوەندارێتیی ســـۆزەکییە بەســـەر پانتاییدا. کاتێک جیهانی دەوروبەرت بە ناوەکانی خۆت دەناسیت، واتە بە مانا نۆستالژییەکەی دەڵێیت ئەمانە "هی من"ن. بەڵام ئەم "خاوەندارێتییە" لە درێژەی ڕۆمانەکەدا وردە وردە لەناو دەچێت. بازاڕی سێتاقان "بووە بە قوربانیی هەندێ مارکێتی پۆخڵەواتی چەند ماڵبڕ و ژیانبڕێك" (ل27)، دارتووەکانی بەردەم دووکانەکانی لای قەڵا "لە بنەوە هەڵکێشراون" (ل53). شـــار خەریکە دەگۆڕێت، بەڵام نەک بەو ئاڕاستەیەی کە "تۆ" دەتویست.

لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا، گێڕەرەوە خەونێک دەگێڕێتەوە: "هەر لەم ماوەیەدا خەوم بینی گۆڕی تۆمان هەڵدەکەند" (ل95) و مێژووی مردنەکە 2017/4/13یە، هەمان ئەو ڕۆژەی کە گێڕەرەوە لەگەڵ "تۆ" قسە دەکات. ئەم وردەکارییەی کە گۆڕەکە تازەیە، "هێندە تازەیە هێشتا شێی هەندێ شوێنی خاکەکەی سەر گۆڕەکە وشک نەبووەتەوە" (ل97)، نیشان دەدات کە مردنی "تۆ" مردنێکی بەردەوامە وا خەریکە ڕوو دەدات نەک مردنێکی ڕابردوو، هەر ئێســـتا، لەم ســـاتەدا ڕوو دەدات.

## کاتی "دیل"

یەکێک لە زیرەکانەترین کارەکان کە دلاوەر ڕەحیمی لە ڕۆمانەکەیدا کردوویەتی، ناساندنی "دیل"ە وەک خاڵێکی بەراوردکاری. "دیل" - زیندانیی ڕاستەقینە - لەگەڵ "تۆ" بەراورد دەکرێت. ئەم بەراوردکارییەش لەبارەی کاتەوە زۆر شت دەڵێت.

دیلی ڕاستەقینە دەیەوێت کات زووتر تێپەڕێت. "دیلەکانی تر حەز دەکەن کات بە پەلە بڕوا، خولەک بەسەر ڕۆژانیان بکەوێ و ڕۆژ تێپەڕێنی، ڕۆژەکان بەسەر وەرزەکانیان بکەون و وەرز تێپەڕێنن، بەهارێک نەبینێ و تێپەڕێ، پرچی پاک سپی بووبێ بەڵام سێ ساڵێک تێپەڕی بێت، بەڵام تێپەڕی بێت" (ل17)، ئەمەش ئەو کاتەیە کە هێنری بێرگسۆن (Henri Bergson) ناوی دەنێت "کاتی ژمێردراو"؛ کاتێک کە تەنیا ژمارەیە و مرۆڤ دەیەوێت لێی ڕزگار بێت. بێرگسۆن جیاوازی دەکات لە نێوان "کاتی کاتژمێر" (Le temps physique) و "کاتی ناوەکی" (Durée). ئەو پێی وایە کاتی ڕاستەقینە ئەوەیە کە ئێمە لە ناخماندا هەستی پێ دەکەین، کە زۆرجار وەک ئەوەی لە "وێڵی"دا هەیە، نە دەپێورێت و نە بە هێڵێکی ڕاست دەڕوات. بەڵام "ئەی تۆ؟ تۆ کاتێ "باوێشک"ت ناسی، کاتێ ویستت زیندانی بکەیت، دەترسای کاتت نەبێ ساڵوولی تایبەتی هۆی بۆ دروست بکەی" (ل18). واتە "تۆ" دەیەوێت کات تێنەپەڕێت، دەیەوێت ئەو ساتانەی کە بوونەتە زیندانیی "دیل"ە دەروونییەکانی، بە جێگیری بهێڵێتەوە. " ئەی تۆ چی؟ تۆ لە کاتدا چەقی بووی، چەقیوی. تۆ لە بنەڕەتدا کات لەلات چەقی بوو، چەقیوە، چاوەکان کاتیان چەقاندووە، زمان کاتی چەقاندووە، جووڵەکان کاتیان چەقاندووە، کات لای تۆ وەک خۆت دەڕوا، کات چاوەڕێی تۆیە و تۆ خۆت چەقاندووە، خۆت کاتت ڕاگرتووە، لە ڕووداوێکدا ڕاگرتووە و ئەویش خۆی توندتر چەقاندووە و ڕەگی داکوتیوە" (ل17-18).

ئەم "ڕاگرتنی کات"ە چەمکێکی دەروونیی قووڵە لە دەقەکەدا. لە دەروونناسیدا، ئەوەی "تۆ" ئەنجامی دەدات پێی دەوترێت "چەقبەستوویی" (Fixation)، کاتێک برینێکی دەروونی هێندە توندە کە مێشک ناتوانێت بیگوێزێتەوە بۆ ڕابردوو. هەر شتێک بیری ئەو ڕووداوە بخاتەوە، مێشک دووبارە دەگەڕێتەوە بۆ هەمان سات. جوانیی "وێڵی" ئەوەیە کە ئەم چەمکە بەبێ ناوە دەروونناسییەکەی، لە ڕێگەی وێنەی "ڕاگرتنی کات"ەوە دەردەبڕێت.

بەڵام پرسیارێکی بێوەڵام لە ڕۆمانەکەدا دەمێنێتەوە: ئەو "ڕووداوە" چییە کە "تۆ" کاتی تێدا ڕاگرتووە؟ ڕۆمانەکە بە ئاگاییەکی هونەرییەوە ئەم خاڵە بە تاریکی دەهێڵێتەوە. ئەم "نەگوتنە" هێزی

دەقەکەیە. چونکە ئەگەر نووســـەر ڕووداوەکەی دیـاری بکردایە، مـانـاکەی کورت دەکردەوە بۆ ڕووداوێکی تاکەکەسی. بەڵام بە جێهێشـــتنی ئەم بۆشـــایییە، "وێڵی" دەبێتە ئاوێنەیەک بۆ هەر خوێنەرێک؛ هەر کەسێک لە ئێمە "ڕووداوێک"ی هەیە کە کاتی تێدا ڕاگرتووە، "کاتژمێرێك"ی هەیە کە لە ساتێکی دیاریکراودا باترییەکەی تەواو بووە و چیتر ئامادە نییە چرکەیەکی تر بچێتە پێشێ. ئەمە ئەو شوێنەیە کە دەقەکە تێیدا لە گێڕانەوەی چیرۆکێکی تایبەتەوە دەبێتە گێڕانەوەی "دۆخی مرۆیی"

**ژماردن وەک بەرگری**

یەکێک لە وێنە ســـیمبولیکییە هەرە قووڵ و دووبارەبووەکان لە ڕۆمانی "وێڵی"دا، مۆتیڤی "ژماردن"ە وەک پرۆسەیەکی دەروونی و بوونەکی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی دۆخی بێشوێنی. ئەم کردارە، کە لە نێوان کارەکتەری "دیل" و کارەکتەری "تۆ"دا دابەش بووە، وەک ئامرازێکی بەرگریی بایۆلۆژی و مەعریفی لە دژی هەڵوەشـــانەوەی خود دەردەکەوێت. دیل لە ناو زینداندا پەنا دەباتە بەر ژماردنی کاشـــییەکان، شـــیشـــەکان و تێپەڕبوونی ڕۆژەکان؛ ئەمە لە ڕووی دیاردەناســـییەوە وەک هەوڵێکە بۆ "داگیرکردنی شـــوێن" لە ڕێگەی عەقڵەوە، کاتێک جەســـتە لە ژێر کۆنترۆڵدایە. ژماردن لێرەدا دەبێتە مـانیفێســـتی "من هێشـــتـا لێرەم" (Cogito)، کە هـاوتـایە لەگەڵ تێزەکـانی مۆریس مێرلو پۆنتی (Maurice Merleau-Ponty) سەبارەت بە پێگەی جەستە وەک ناوەندی ئەزموونکردنی جیهان؛ چونکە لە بارودۆخی دژواری بێبەشبووندا، بچووکترین کردەی کۆنترۆڵکردن دەبێتە دوایین سەنگەری پاراســـتنی مرۆڤبوونی تاک. نووســـەر ئەم پەرتبوونە دەروونییەی دیل بە وردی وێنا دەکات کاتێک دەڵێت: "دیل بەس ڕۆژەکان ناژمێرێ، بەڵکوو هەنگاوەکانیشی_ دەژمێرێ، دیل دەســـت جووڵاندن و مێزکردنەکانیشی_ دەژمێرێ ... دیل بۆیە دیلە و پێی دەڵێن دیل و خویشی_ ئیتر دەزانێ کە دیلە لە یادەوەریی لاوێتییەوە دەگەڕێتەوە بۆ خەیاڵ و یادەوەرییەکانی منداڵی، لە منداڵییەوە باز دەدات بۆ ژماردنی سەدبارەی کاشییەکانی ئەردەکەی ژێر پێی، ئیدی ئەردەکەی ژێرپێی سالوولەکەی خۆی بێت یـان ئەو توالێتەی دەچێ چۆڕێ مێزی تێـدا بکـات، یـان هی ڕاڕەوەکەی بەنـدیخـانەیە یـان هی حەســـارەکەی بەندیخانەکە، ئەوانە گرنگ نین، گرنگ تەنیا ژماردنە و هەمیشـــە هەڵەکردن و لێتێکچوونی ژماردنەکە و هەمیشـــە بیانوو بۆ دووبارە ژماردنەوەی" (ل13). ئەم "هەڵەکردنە" و دووبارە دەستپێکردنەوەیە نیشانەی تێکشکانی کاتی هێڵەکییە و گۆڕینیەتی بۆ کاتێکی دەروونیی خولاوە کە تێیدا ژماردن تەنیا بۆ گەیشـــتن بە ئەنجام نییە، هێندەی بۆ بەردەوامبوونی خودی پرۆســـەی بیرکردنەوەیە لە ناو بێدەنگیی ڕەهای زینداندا.

له بەرامبەر ئەمەدا، جیاوازییەکی ناسک و جەوهەری لە مامەڵەی کارەکتەری "تۆ"دا دەبینرێت، کە ئاستێکی قووڵتر لە تێکشکانی ئۆنتۆلۆژی نیشان دەدات. لە کاتێکدا دیل لە ڕێگەی ژماردنەوە هێشتا ململانێ لەگەڵ واقیعدا دەکات، کارەکتەری "تۆ" لەو سنوورەش تێپەڕیوە و تووشی جۆرێک لە "ئیفلیجیی ئاگایی" بووە. نووسەر ئاماژە بەوە دەدات کە "تۆ" مژەکانی جگەرە دەژمێرێت، یان ڕاستتر، توانای ژماردنیانی نییە: "تۆ نەتدەتوانی قوومی جگەرەکان بژمێری، تۆ نەتدەتوانی سەرلەقاندنەکانت بژمێری..." (ل14). ئەم "نەتوانینە" لە ڕوانگەی تیۆریی ڕەخنەییەوە، گوزارشتە لە تەسلیمبوونێکی تەواوەتی بە کاتی ڕاگیراو. کەسێک کە توانای ژماردنی نییە، لە ڕاستیدا ئەو کۆتا کەرەستەیەی لەدەست داوە کە پێی دەوترێت "ئیرادەی مەعریفی"، و چیتر ناتوانێت سنوورێک لە نێوان خود و ئەو دۆخە داسەپاوەدا بکێشێت. ئەم جیاوازییە لە نێوان ژماردنی دیل و نەتوانینی "تۆ"دا، گێڕانەوەکە دەباتە ئاستێکی فەلسەفیی باڵاتر؛ دیل هێشتا لە پرۆسەی "بوون"دایە لە ڕێگەی ژماردنەوە، بەڵام "تۆ" گەیشتووەتە قۆناغی "نەبوون" یان توانەوەی تەواو لە ناو پووچیدا. ئەو خوێنەرەی بە وردی و بە ئامرازی ڕەخنەیی بوونخوازی بڕوانێتە دەقەکە، تێدەگات کە ئەم جیاکارییە نیشاندانی پلەبەندیی تێکشکانی مرۆڤە لە ژێر فشاری دەسەڵات و تەنیاییدا، کە تێیدا ژمارەکان دەبنە دوایین هێڵەکانی بەرگری پێش ئەوەی مرۆڤ بە تەواوی لە ناو "کات و شوێنی وێڵ"دا ون ببێت.

## ڕەگەزی ددانپێدانان: پیاو کە لاواز دەبێت

### ددانپێدانان لە کولتووردا

لە بنەما کولتوورییەکانی کۆمەڵگەی کوردەواریدا، و بە گشتی لە پانتایی سۆسیۆکولتووریی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا، ددانپێدانانی لاوازی وەک کردارێکی دژەپیاوانە و مەترسییەك بۆ سەر شوناسی جێگیری نێرینە تەماشا دەکرێت. پاڵەوانی کولتووری لە گێڕانەوە کلاسیکی و حەماسییەکاندا، هەمیشە وەک سووژەیەکی خاوەن بڕشت، خۆڕاگر و خاوەن ئیرادەیەکی پۆڵایین وێنا کراوە؛ تەنانەت کاتێک ئەم پاڵەوانە ڕووبەڕووی شکستیش دەبێتەوە، شکستەکەی خاوەن "شکۆیەکی تراژیدی"یە و هەرگیز ڕێگە نادات وێڵبوونی ناوەکی و گێژاوی مێشکی، سیمای دەرەکیی ئەو سووژە بەهێزە بشێوێنێت. ئەم تێڕوانینە کە لەسەر بنەمای "پیاوانەیی هەژموونخواز" بونیاد نراوە، هیچ ڕووبەرێك بۆ گومان و لەرزینی دەروونی ناهێڵێتەوە.

بەڵام ڕۆمانی "وێڵی" بە شـــێوەیەکی ڕادیکاڵ ئەم مۆدێلە نەریتییەی پاڵەوان وەلا دەنێت و وێنەیەکی جیاواز لە ســـووژەی پیاوانە دەخاتە ڕوو. کارەکتەری "تۆ" لەم دەقەدا، نە خاوەن هێزی فیزیکییە، نە خۆڕاگرییەکی ئەفسانەیی هەیە و نە خاوەن ئەو شکۆیە کۆنەیە کە کولتوور دەیخوازێت. ئەو ســـووژەیەکی تێکشـــکاوە کە دڵی تێکەڵ دێت، ناتوانێت کۆنترۆڵی وردەکارییەکانی دەوروبەری بکات، وەک نەتوانینی ژماردنی مژەکانی جگەرەکەی؛ لە بەرامبەر سـادەترین نیشـانەکانیشـدا تووشی ترس دەبێت، وەک ترسـان لە زەنگی تەلەفۆنی کەسـانی نەناسراو (ل44) یان ڕشـانەوە لە میهرەبانیی ئەوانی تر. "تۆ" لێرەدا دەبێتە ســووژەیەک کە ســنوورەکانی نێوان ناوەوە و دەرەوەی، نێوان هێز و لاوازیی لێ تێک چووە.

ئەم هەڵبژاردنە هونەرییەی دلاوەر ڕەحیمی، گۆڕانکارییەکی پارادایمییە لە گێڕانەوەی کوردیدا، بەڵام هاوکات پرسـیارێکی کرۆکیی تیۆریش دەوروووژێنێت: ئایا ئەم لاوازییەی "تۆ" وەک "شـکسـتێکی بوونخوزای" وێنا دەکرێت یان وەک "ڕەســـەنایەتییەکی نوێ"؟ ڕۆمانەکە لێرەدا لە نێوان دوو جەمســـەری دژبەیەکدا دەجووڵێتەوە. لە لایەکەوە، گێڕەرەوە جەخت لەســـەر جۆرێک لە پاکی و ڕەســـەنایەتیی کارەکتەرەکە دەکاتەوە و دەڵێت: "گرنگترین تایبەتمەندی تۆ ئەو بێڕیپیایەت بوو کە هەمیشە ئاراستەی خۆت دەڕۆیشتی، تۆ بێ بەرژەوەندی بووی " (ل40).

بەڵام لە لایەکی ترەوە، دەقەکە "تۆ" وەک قوربانییەکی سۆسیۆلۆژی نیشان دەدات کە لەژێر قورســـایی و گوشـــارەکانی کۆمەڵگەدا "پان بووەتەوە". ئەمە ململانێیەکی دیالێکتیکییە لە نێوان "سووژەی ئازاد" کە لاوازییەکەی هەڵبژاردنێکی ڕەسەنە، و "سووژەی سەرکوتکراو" کە لاوازییەکەی بەرهەمی چەوسانەوەیە. ئەم مانالێڵییە لە ڕۆمانەکەدا چارەسەر نابێت؛ ئایا "تۆ" پاڵەوانێکی مۆدێرنە کە بوێرانە دانی بە ناسکی و ئازارچێشتنی خۆیدا ناوە، یان تەنیا دۆڕاوێکی کۆمەڵایەتییە کە چیتر توانای بەرگری نەماوە؟ ئەم ناڕوونییە دەبێتە هۆی ئەوەی کە تێکســتەکە وەک بونیادێکی کراوە بمێنێتەوە، کە تێیدا مانا لە نێوان "ڕەسـەنایەتیی ناوەکی" و "شـکسـتی دەرەکی"دا لەبزاوتدایە، بەبێ ئەوەی بگاتە بڕیارێکی کۆتایی لەسەر شوناسی ئەم پیاوە وێڵە.

## جوانیناسیی گریان و کێشەی ڕەوایەتیی کولتووری

لە گێڕانەوەی ڕۆمانی "وێڵی"دا، فرمێســک لە ئاســتە بایۆلۆژی و دەروونییە ســادەکەی خۆی تێدەپەڕێت و دەبێتە ســـووژەیەکی جوانیناســـانە کە ڕەهەنـدی بوونخوازی و نەتەوەیی بەخۆوە

دەگرێت. گێڕەرەوە بە زمانێکی شـــیعریی چڕ، گریانەکانی "تۆ" لە چوارچێوەی "پێناسی کەسی"دا کورت دەکاتەوە و دەڵێت: "تۆ گریانت کرد بە ناوی خۆتەوە. تۆ بۆ هەموو شـــتێك دەگریایت" (ل64). لێرەدا گریان چیتر نیشانەی تەسلیمبوون نییە و بۆ خۆی دەبێتە جۆرێک لە "زمان"؛ زمانێک کە تێیدا ســـنووری نێوان ئازاری جەســـتەیی و داهێنانی ئەدەبی کاڵ دەبێتەوە. بەراوردکردنی گریانی کارەکتەرەکە بە "غەزەلێکی نالی"، "دەربەندی پەپولە"ی شێرکۆ بێکەس، یان کارەساتی "هەڵەبجە" و تیرۆری "عەبدولخالق مەعروف" (ل65)، گریانەکە لە بازنەی تاکەکەسی دەردەهێنێت و دەیکاتە بەشێک لە کۆمێژوویەکی پڕ لە مەینەت.

ئەم گۆڕانکارییە وێناییە، گریان وەک "هونەر" مانیفێســـت دەکات. لە کولتوورێکدا کە پیاوانەیی تێیدا بە بەهێزی و بێدەنگی پێناســە دەکرێت، "وێڵی" هەوڵ دەدات ڕەوایەتی بە جۆرێک لە "پیاوانەیی ناسک" بدات، بە مەرجێک ئەو ناسکییە خاوەن بەهایەکی سیمبولیکی باڵا بێت. کاتێک گێڕەرەوە دەڵێت: "گریانی تۆ وەک شـــیعرە، گریانی تۆ لە گریانی هیچ کەســـێکی تر ناچێت... بەدەم گریان و هەنســـکەکانتەوە هەمیشـــە شـــیعرت دەوت" (ل52)، لە ڕاســـتیدا کار لەســـەر تێزی "جوانیناســـیی ئازار" دەکات، کە تێیدا خەم دەبێتە کەرەســـتەیەکی خاو بۆ بەرهەمهێنانی مانا. ئەمە نیشـاندانی توندوتیژییەکی ئەرێنییە؛ گریانێک کە "ترسـناک جوانە"، چونکە لە قووڵایی تێکشـکانێکی ڕاســـتەقینەوە هەڵدەقوڵێت و پەیوەندییەکی میتافۆری لەگەڵ دەنگە گەورەکانی وەک حەســـەن زیرەک، قادر دیلان و سەڵاح نەجمەدیندا دروست دەکات.

بەڵام لە پشت ئەم وێنە پڕ لە میهرەبانییەوە، پرسیارێکی ڕەخنەیی جیدی سەرهەڵدەدات کە پەیوەندی بە "مەرجدارکردنی گریان"ەوە هەیە. ئایا ڕەوابوونی گریانی پیاو لەم دەقەدا، بەند نییە بە "جوانبوون"ی گریانەکەوە؟ لێرەدا دەقەکە ڕووبەڕووی پارادۆکســـێکی کولتووری دەبێتەوە؛ گریان کاتێک پەســەندە کە بگۆڕێت بۆ "ئەدەبیات" یان "مۆسـیقا". ئەگەر گریانی "تۆ" گریانێکی ناشـیرین، بێدەنگ، یان بێمانا بوایە،گریانێک کە نەچووبایە ناو پانتایی غەزەل و گۆرانییەوە، ئایا هێشــتا وەک کردارێکی "ڕەســـەن" هەژمار دەکرا؟ ئەمە ئەو "ســـێبەرە بچووکە"یە کە لە ناو دێڕەکاندا دەبینرێت؛ تەنانەت لەو شوێنەشی کە ڕۆمانەکە دەیەوێت پیاوانەیی نەریتی تێک بشکێنێت، هێشتا جۆرێک لە مەرجی بـاڵای بۆ دادەنێـت، کە ئەویش مەرجی "بوون بە هونەر"ە بۆ ئەوەی لە پەراوێزخســـتنی کۆمەڵایەتی ڕزگاری بێت.

## دۆستایەتیی پیاوانە و دیالێکتیکی وابەستەیی

پەیوەندیی نێوان گێڕەرەوە و کارەکتەری "تۆ" لە ڕۆمانی "وێڵی"دا، لەسەر بونیادێکی سۆزەکیی چڕ و فرەڕەهەند وەستاوە کە لە مێژووی ئەدەبیاتی کوردی و کلاسیکی ناوچەکەدا، ڕەگوڕیشەیەکی قووڵی لە چەمکی "هاوڕێیەتیی گیانی"دا هەیە. ئەم پەیوەندییە کە بە زمانێکی لیریکی و پڕ لە ناسکی وەسف دەکرێت، سنووره باوەکانی هاوڕێیەتیی سادە دەبەزێنێت و دەچێتە ناو کایەی وابەستەییەکی ئۆنتۆلۆژییەوە. دەربڕینەکانی وەک: "هاوڕێی گیانی بە گیانی" (ل53)، "تووڕەم لە تۆ، تووڕەم لە خۆم" (ل47) و بانگهێشتکردنی ئەوی تر بۆ گریانێکی هاوبەش: "وەرە هاوڕێم سەرت بخەرە سەر شانم و بگری ... سەرت بخەرە سەر سنگم و بگری ... تۆ بگری با منیش بۆن بە فرمێسکەکانتەوە بکەم" (ل51)، گوزارشت لە جۆرێک لە "تەواوکاریی دەروونی" دەکەن کە تێیدا خود و ئەوی تر دەبنە یەکەیەکی هەستیار.

ئەم زمانی سۆز و نزیکییە جەستەییە، کە لە وێنەی "ترسام لەوەی گەر بە گەرموگوڕییەوە توند بتگوشم، هارەت بێت" (ل69)دا دەگاتە ئەوپەڕی چڕی، لە ڕوانگەی تیۆریی "دڵسۆزیی قووڵی نێرینە" و چەمکی "کۆمەڵایەتیبوونی هاوڕەگەزانە"ی ئیڤ سێجویکەوە[8] جێگەی سەرنجە. لە کولتووره ڕۆژهەڵاتییەکاندا، نزیکیی سۆزەکی و جەستەیی نێوان پیاوان (وەک دەستگرتن، باوەشپیاکردن و گریانی هاوبەش) مێژوویەکی درێژی هەیە و وەک نیشانەیەکی سروشتیی دۆستایەتیی باڵا ئەژمار دەکرێت، بەبێ ئەوەی لێکدانەوەی سێکسیی بۆ بکرێت. "وێڵی" بە شێوەیەکی سروشتی لەم پانتاییەدا دەجووڵێتەوە و زمانی سۆزی پیاوانە وەک کەرەستەیەکی گێڕانەوەیی بۆ نیشاندانی تێکشکانی مرۆڤ و پێویستیی بە پەناگەیەک بەکار دەهێنێت.

بەڵام ئەم چڕییە بێوێنەیە، پرسیارێکی "بێناونان" لە ناو دەقەکەدا بەجێ دەهێڵێت کە پەیوەندی بە سنوورەکانی زمانەوە هەیە. ئایا چەمکی "هاوڕێیەتی" بە تەنیا دەتوانێت بەرگەی ئەم

[8] ئەم خوێندنەوەیە پشت بە تێڕوانینە تیۆرییەکانی ئیڤ کۆسۆفسکی سێجویک (Eve Kosofsky Sedgwick) دەبەستێت، بەتایبەت لە کتێبەکەیدا (1985) *Between Men*، کە تێیدا چەمکی "کۆمەڵایەتیبوونی هاوڕەگەزانە" (Homosociality)بۆ شیکردنەوەی ئەو پەیوەندییە سۆزەکی و کۆمەڵایەتییە نێوانکەسییانە بەکار دەهێنێت کە لە نێوان پیاواندا دروست دەبن. سێجویک ئاماژە بەوە دەکات کە "دڵسۆزیی قووڵی نێرینە" (Male Intimacy) لە چوارچێوەیەکدا کار دەکات کە تێیدا هاوڕێیەتیی قووڵ، متمانە و هاوپەیمانیی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە نێوان پیاواندا بەهێز دەبێت، بەبێ ئەوەی لایەنە سێکسییەکە بگرێتەوە. ئەم پەیوەندییانە زۆرجار لە ڕێگەی "سێگۆشەی ئارەزوو" و نێوەندگیریی ڕەگەزی بەرامبەرەوە جێگیر دەبن، کە تێیدا نزیکایەتیی نێرینە دەبێتە ئامرازێک بۆ پاراستنی پێکهاتە و دەسەڵاتی پیاوانە لە ناو کایە جیاوازەکانی کۆمەڵگەدا.

هەموو چڕییە سۆزدارییە بگرێت؟ لێرەدا دەقەکە تووشی جۆرێک لە "لێلیی مەبەستدار" دەبێت؛ لە لایەکەوە پێداگری لەسەر ناوی هاوڕێیەتی دەکاتەوە، بەڵام لە لایەکی ترەوە وێنەکان و زمانەکە هێندە چڕن کە لە سنووری ناسێنراوی هاوڕێیەتی دەچنە دەرەوە. ئەم ترسە لە "هاڕەهاتن"ی ئەوی تر لە کاتی توندگوشیندا، گوزارشتە لە ناسکییەکی بونیادی کە تێیدا جەستە وەک شووشەیەکی شکاوی لێ هاتووە و گێڕەرەوە وەک پارێزەری ئەو تێکشکاوە دەردەکەوێت. ئەم بۆشاییی ناونانە، وەک "ناگوترێیەک" لە ناو دەقەکەدا دەمێنێتەوە و شوێنێکە کە ڕۆمانەکە تێیدا بێدەنگی هەڵدەبژێرێت؛ ئەمەش ترسنۆکییەک نییە بۆ یەکلاکردنەوە، هێندەی دداننانە بەوەی کە هەندێک ئەزموونی سۆزداری هەن، هێشتا زمان فەزایەکی گونجاوی بۆ ناونانیان بەرهەم نەهێناوە، بەتایبەت لەو شوێنەی کە عەشق و هاوڕێیەتی و ئازار لە یەک خاڵدا دەبنە گورزەتیشکێکی چڕ.

## گێڕەرەوەی متمانەپێنەکراو: لە کوێدا ناتوانرێت بڕوا بە گێڕانەوە بکرێت؟

### گێڕەرەوەی شەیدا

لە گێڕانەوەی ڕۆمانی "وێڵی"دا، ئێمە ڕووبەڕووی جۆرێکی تایبەت لە گێڕەرەوە دەبینەوە کە لە تیۆریی ئەدەبیدا بە "گێڕەرەوەی متمانەپێنەکراو (Unreliable Narrator) "ناوزەد دەکرێت؛ بەڵام متمانەپێنەکراوی ئەم گێڕەرەوەیە لە "شەیدایی" و دڵبەستەیییەکی قووڵەوە دێت، کە ڕێگرە لەوەی وێنەیەکی ئۆبجەکتیف و بێلایەنانەی کارەکتەری "تۆ" بخاتە ڕوو. گێڕەرەوە لێرەدا خەریکی "بونیادنانی پیرۆزی"یە بۆ کارەکتەرەکە. کاتێک دەڵێت: "تۆ خوڵقێنەری شیمانەکان و ئەگەرەکان بوویت " (ل58) یان "گریانەکانی تۆ بە شێوەیەکی ترسناک جوان بوون" (ل65)، ئەو چیتر تەنیا وەسفی مرۆڤێک ناکات، لە ڕاستیدا خەریکی وێناکردنی "ئایکۆن"ێکە کە لە سەروو کەموکورییە مرۆییەکانەوە وەستاوە. خوێنەری وردبین لێرەدا تووشی گومان دەبێت؛ ئایا ئەوەی دەیبینین "تۆ"یەکی ڕاستەقینەیە، یان "دانەپاڵ" (projection)ی خەیاڵ و شەیداییەکانی گێڕەرەوەیە؟

ئەم گێڕەرەوەیە، کە لایەنگرییەکی ڕەهای بۆ کارەکتەرەکە هەیە، هەوڵ دەدات پێشوەختە بەرگری لە خۆی بکات و دەڵێت: "ئەمە پیاهەڵدان نییە، وەک چۆن فریودانیش نییە" ل(38). بەڵام بەپێی تیۆریی "پێگەی سووژە" لە ڕەخنەی ئەدەبیدا، هەر کاتێک پەیوەندییەکی سۆزداریی چڕ لە نێوان گێڕەرەوە و کارەکتەردا هەبێت، مەودای ڕەخنەیی لەناو دەچێت. گێڕەرەوە بە ڕەهایی جەخت لە بێگەردیی "تۆ" دەکاتەوە: "یەکجاریش ڕەفتارێکی دەستکرد و ساختە، یان ڕیاکارانەم لە تۆ نەبینی،

نەک هەر من، کەس ڕیایی لە تۆ نەبینیوە" (ل38). ئەم بێگەردی و پاکییە ڕەهایە، کارەکتەرەکە لە مرۆڤبوونی خۆی دادەماڵێت و دەیکاتە "نموونەیەکی باڵا " (ئارکیتایپ)؛ ئەمەش ئەو خاڵەیە کە تێیدا متمانەی خوێنەر بە گێڕەرەوە لەنگ دەبێت، چونکە مرۆڤ لە واقیعدا خاوەنی سـێبەر و لایەنی تاریکە، کەچی لەم دەقەدا هەموو شتێک لە ژێر ڕووناکییەکی درەوشاوەی شەیداییدا نیشان دراوە.

پارادۆکسیـ ســەرەکی لێرەدا ئەوەیە کە گێڕەرەوە ددان بەوەدا دەنێت کە خۆیان "تۆ"یان فریو داوە، بەڵام ئەم فریودانە وەک کردەیەکی "جوامێرانە" و جوانیناســانە وێنا دەکرێت: "ئێمەش فریومان دەدای... تا موزیکیترین نامەمان بۆ بنووسی، تا گۆرانییەکمان بۆ بچڕی بە نامە، تا باڵەخانەیەکمان بۆ هەڵچنی بە وشە دروست کرابێت" (ل31). لێرەدا، گێڕەرەوە ددان بەوەدا دەنێت کە ئەوان بۆ بەدەســتهێنانی "جوانیی ئەدەبی"، یارییان بە هەســتی کارەکتەرەکە کردووە. ئەم ددانپێدانانە نیشــانی دەدات کە "تۆ" لەم ڕۆمانەدا تا چ ڕادەیەک ســووژەیەکی "ئامرازکراو"ە بۆ داهێنانی ئەدەبی. ئەگەر دۆستانی "تۆ" ئاوا بە ئاشکرا ددان بە فریودانی ئەودا دەنێن لەپێناوی دەقێکی جواندا، ئەوا ئەگەری ئەوەی کە "تۆ"ش لە شــوێنێکدا دەمامکی پۆشــیبێت یان ڕەفتارێکی ناڕاســتگۆیانەی هەبووبێت، زۆر بەرزە، بەڵام گێڕەرەوە ئەم لایەنە بە تەواوی لە ســێبەردا جێ دەهێڵێت. لە ئەنجامدا، گێڕەرەوەی "وێڵی" دەبێتە گێڕەرەوەیەکی "خولیاکەر" کە ڕێگە نادات هیچ پەڵەیەک بکەوێتە ســەر ســیمای "تۆ"، و ئەمەش وا دەکات ڕۆمانەکە وەک "غەزەلێکی درێژ" دەربکەوێت کە تێیدا مەعشــوق (تۆ) تەنیا لە چاوی عاشــقدا (گێڕەرەوە) بوونی هەیە، نەک وەک مرۆڤێکی سەربەخۆ و خاوەن هەڵە.

**"تۆ"ی ڕاستەقینە و "تۆ"ی دروستکراو**

یەکێک لەو پرســیارانەی کە ڕۆمانی "وێڵی" لە بەردەم خوێنەر و ڕەخنەگردا دایدەنێت، پرسیاری "بوونی ڕاستەقینە"ی کارەکتەری "تۆ"یە. ئایا "تۆ" سووژەیەکی سەربەخۆی دەرەکییە، یان تەنیا دروســتکراوێکی مێشــکی و دراوەپاڵی دەروونیی گێڕەرەوەیە؟ ڕۆمانەکە بە وریاییەکی زۆرەوە لێڵییەك دروســت دەکات کە ڕێگە بۆ هەردوو لێکدانەوەکە خۆش دەکات، و بەمەش دەقەکە لە گێڕانەوەیەکی کلاســیکییەوە دەگۆڕێت بۆ تێکســتێکی مۆدێرن کە کار لەســەر "قەیرانی ناســنامە" و "پارچەپارچەبوونی سووژە" دەکات.

لە بەشی کۆتایی ڕۆمانەکەدا، گێڕەرەوە لە ڕێگەی "من"ێکی حاشــاکەر و پڕ لە گومانەوە، تەواوی ئەو متمانەیەی کە لە بەشــەکانی پێشــوودا دروســتی کردبوو، دەخاتە ژێر پرســیارەوە. ئەم

"من"ە بە جۆرێک لە نکوڵیکردنی ئۆنتۆلۆژییەوە دەســـت پێ دەکات و دەڵێت: "ئەمە منم؟ بۆ ئەمە منم؟ ئەم تۆیە منم؟ بۆ دەبێ ئەم تۆیە من بم؟... بۆیە گومانم نییە کە ئەو تۆیە من نیم... دەی ئەو تۆیە من نیم... دەی بۆ ڕووی لە منە؟ ئەی ئەو تۆیە کێیە؟" (ل73-74). لێرەدا، بەپێی تیۆریی "دووانە یا هاوشـــێوە" (The Double)[9]، دەکرێت وا لێک بدرێتەوە کە "تۆ" لە ڕاســـتیدا لایەنێکی شـاراوە یان "ئەوی تری" ناوەکیی گێڕەرەوە خۆی بێت. ئەم گومانی جیاوازبوونە، خوێنەر دەخاتە ناو گێژاوێکەوە کە تێیدا سنووری نێوان واقیع و خەیاڵ بە تەواوی نامێنێت و گێڕەرەوە لە وێنەی "تۆ"دا بەدوای ناسنامە ونبووەکەی خۆیدا دەگەڕێت.

لە لایەکی ترەوە، ڕۆمانەکە نیشـــانەی تری پێکەوە ناوە کە پێداگری لەســـەر بوونی فیزیکی و مێژوویی "تۆ" دەکەن. ئـامـادەیی کارەکتەرەکە لە شـــوێنە نـاسراو و کۆنکرێتەکانی وەک "پردی ســـەیداوە"، "چایخانەکانی لای قەڵا" و "نمایشـــە شـــانۆییەکان"دا، ڕەهەندێکی ڕاســـتەقینە بە کارەکتەرەکە دەبەخشـێت. تەنانەت لە دیمەنی ڕووبەڕووبوونەوەی کۆتاییشـدا، ئاماژە بە وردەکاریی زیاتر دەکرێت: "چەند کاتژمێرە هەر ڕوو بە من قســـە دەکات... مژ بە مژی جگەرە کێشـــانەکانم دەژمێری" (ل74). ئەم جۆرە وەســـفە بابەتییانە، وای دەردەخـات کە ئێمە لەبەردەم گفتوگۆیەکی ڕاستەقینەی نێوان دوو مرۆڤداین. بەڵام دیسانەوە گێڕەرەوە بەمە ناوەستێت و دەڵێت: "باوەڕ بکەن من نازانم ئەو هەیە؟ ئەو تۆیە هەیە یان نییە؟ من هەم یان نیم؟" (ل79-80). ئەم ددانپێدانانە دەکرێت وەک "ســـتراتیژیی بەرگری" ببینرێت بۆ ڕاکردن لەو ئازارەی کە پەیوەندییە ڕاســـتەقینەکان دروستی دەکەن، یان وەک سەلماندنی ئەوەی کە "تۆ" تەنیا سێبەرێکی خەیاڵییە.

دلاوەر ڕەحیمی بەم هەڵبژاردنە، خوێنەر لە نـاو گرێیەکی چـارەســـەرنەکراودا جێ دەهێڵێت. ئەگەر "تۆ" تەنیا خەیاڵ بێت، ئەوا ڕۆمانەکە دەبێتە مۆنۆلۆگێکی قووڵی مرۆڤێکی تەنیا کە لەگەڵ "ئایدیاڵ" یان "هەبوونی باشـــتر"ی خۆیدا دەدوێت بۆ ئەوەی لە پووچیی ژیان ڕزگاری بێت. ئەگەر

---

[9] چەمکی (The Double/Doppelgänger) لە ئەدەبیات و دەروونشـــیکاریدا ئاماژەیە بۆ دەرکەوتنی "پاشـــکۆیەکی نادیار" یان ســـێبەرێکی مرۆڤ کە هاوشـــێوەی خۆیەتی. لای ئۆتۆ ڕانک (Otto Rank)، دووانەکە لە بنەڕەتدا وەک میکانیزمێکی بەرگریی دەروونی بەرامبەر بە "مەرگ" و بۆ پاراســـتنی نەمریی ڕۆح ســـەری هەڵداوە، بەڵام دواتر لە ئەدەبیاتی مۆدێرندا وەک نیشـانەیەکی شـووم و ترسـناک گۆڕاوە. فرۆید لە تیۆریی "نامۆ و ترسـناک"دا، ئەم دیاردەیە وەک جۆرێک لە "دانەپاڵ" دەبینێت؛ تێیدا تاک لایەنە تاریک و کپکراوەکانی ناوەوەی خۆی کە "من"ی فەرمی ڕەتیان دەکاتەوە، لە قاڵبی کەسێکی تردا لە دەرەوەی خۆی دەبینێتەوە. ئەمە دەبێتە هۆی تێکچوونی سنووری نێوان "خۆ" و "ئەوی تر"، و زۆرجار لە دەقە ئەدەبییەکاندا وەک ململانێیەکی توندی نێوان ئاوەز و ڕەمەك، یان چاکە و خراپە ڕەنگ دەداتەوە کە تێیدا "دووانەکە" دەبێتە هەڕەشە بۆ سەر ناسنامە و سەقامگیریی تاک.

"تۆ" ڕاســتەقینەش بێت، ئەوا ڕۆمانەکە باس لە تراژیدیای دوو ســووژە دەکات کە یەکێکیان وەک وێڵە و ئەوی تریان لە ناو گێژاوی جوانیدا سەرگەردانە. ئەم لێڵییە پێکهاتەییە، یەکێکە لە خاڵە هەرە ســەرکەوتووەکانی دەقەکە، چونکە ڕێگە دەدات ڕۆمانەکە وەک مانیفێســتێکی کراوە بمێنێتەوە کە تێیدا "بوون" هەمیشە لە نێوان ڕاستی و ئەفسانەدا لە جووڵەدا بێت.

## جوانناسیی ناشیرینی و تێپەڕاندنی "کیچ": ململانێی ڕەسەنایەتی لە گێڕانەوەی "دژ"دا

### "کیچ" وەک مۆتیڤێکی کولتووری

لە بونیادی گێڕانەوەیی ڕۆمانی "وێڵ"دا، زاراوەی "کیچ" (Kitsch) لە ئاستە باوەکەی خۆی وەک تەنیا وەســفێکی هونەری تێدەپەڕێـت و دەبێتە نـاوەنـدێکی هزری بۆ لێکـدانەوەی قەیرانی ڕەســەنایەتی لەناو کولتووردا. ئەم وشــەیە کە چەندین جار لە دەقەکەدا دووبارە دەبێتەوە، وەک لە "کیچنووســەکان" (ل60) و "ئەدەب و هونەری کیچ" (ل56)دا دەردەکەوێت، ئاماژەیە بۆ ئەو بەرهەمە هونەری و ئەدەبییانەی کە خاوەنی فۆڕمێکی ڕووکەش و لاسـاییکەرەوەن و تەنیا بۆ تێرکردنی زەوقی گشـتی و بەدەسـتهێنانی کاردانەوەی سـۆزەکیی خێرا بەکار دێن. لە ڕووی مێژوویی و تیۆرییەوە، کیچ لە نیوەی دووەمی سـەدەی نۆزدەیەمدا لە ئەڵمانیا وەک دژەتێزی "هونەری باڵا" سـەری هەڵدا؛ لێرەدا هونەر لەبری ئەوەی بێتە کایەیەک بۆ داهێنان و قووڵکردنەوەی ئەزموونی جوانیناسی، دەبێتە کاڵایەکی "ســاختە" کە بە بەکارهێنانی قاڵبە ئامادەکان و گوزارشــتە کلێشــەییەکان، جیاوازییەکانی نێوان جوانیی ڕاســتەقینە و سـۆزەکیی هەرزان تەڵخ دەکات. ئەم مۆدێلە لە هونەر، کە تیۆریســتێکی وەک کلیمێنت گرینبێرگ (Clement Greenberg) وەک مەترسییەک بۆ سەر کولتووری مۆدێرن وەســفی دەکات، لە "وێڵ"دا وەک ئامرازێکی ڕەخنەیی بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ ئەو ئەدەبیاتە بەکار دێت کە گیانی هونەریی تێدا نییە.

لە جیهانی ئەم ڕۆمانەدا، "کیچ" گوزارشــتە لەو هەســتە ڕووکەشــانەی کە تەنیا بانگەشــەی قووڵی دەکەن، و ئەو نووسـینانەی کە بە پەنابردن بۆ زمانێکی قەبە و دروشـمئامێز، خەریکی کوشـتنی جوانیی ڕاســتەقینەن. نووســەر لە ڕێگەی دەربڕینێکی ڕەخنەیی چڕەوە ئـامـاژە بەوە دەدات کە "نووسـەرەکانی ئێمە بەو قسـە قەبە قەبە و کلێشـەییانە جوانییان کوشـت و زمانیان خسـتە خزمەتی ڕێکخســتنی ڕســتە و پەرەگراف تەنیا بۆ وەســف و پێناســەی شــتی قۆڕ قۆڕ" (ل32). ئەم تێڕوانینە هاوتەریبە لەگەڵ تێزەکانی میلان کوندێرا (Milan Kundera) سەبارەت بەوەی کە کیچ "پەردەیەک

جوانه بۆ داپۆشـــینی پووچیی بوون"؛ لێرەدا کیچ چیتر تـەنیا کێشـــەیەکی تەکنیکی نییە، بـەڵکوو کێشـــەیەکی ئەخلاقی و بوونەکییە. کاتێک زمان تەنیا بۆ ڕازاندنەوەی بێمانایی بەکار دێت، ئەوا "ڕەسـەنایەتی" لەناو دەچێت و جێگەی خۆی بۆ پانتاییەکی ساختە چۆڵ دەکات کە تێیدا جیاوازیی نێوان هونەری ڕاستەقینە و لاساییکردنەوەی بازرگانی ون دەبێت.

بەکارهێنانی ئەم چەمکە لە "وێڵی"دا، پێگەیەکی ڕەخنەیی بە سـووژە دەبەخشـێت تا بتوانێت لە دژی ئەو ناشـــیرینییە ڕێکوپێکەی کە کۆمەڵگە و دەســـەڵات بەرهەمی دەهێنن، بوەســـتێتەوە. ڕۆمـانەکە لێرەدا دەبێتە کـایەیەک بۆ ململانێی نێوان "جوانیی وەک بەرگری" و "کیچ وەک تەســـلیمبوون". لە کاتێکدا کیچ هەوڵ دەدات جیهان بە ڕەنگێکی گەش و بێکێشـــە نیشـــان بدات، "وێڵی" لە ڕێگەی کارەکتەری "تۆ" و گریانە "ترســـناکە جوانەکان"یەوە، هەوڵ دەدات ڕاســـتگۆیی ئازار و قووڵیی ئەزموونە مرۆییەکان بپارێزێت. بەم شـــێوەیە، ڕەتکردنەوەی کیچ لە دەقەکەدا تەنیا ڕەتکردنەوەی شێوازێکی نووسین نییە، هێندەی دەیەوێ بڵێ شـەڕێکی جوانیناسانەیە لە دژی هەموو ئەو کەرەسـتە کولتوورییانەی کە مرۆڤ بەرەو ڕووکەشـی و تێگەیشـتنی سـادە بۆ ژیان و هونەر هان دەدەن.

### ئەدەبیاتی "دژ" و دژبەرییەکەی

یەکێک لە ڕەهەندە جێمشـــتومڕەکانی ڕۆمانی "وێڵی"، جەختکردنەوەیە لەســـەر ناســـنامەی "ئەدەبیاتی دژ" وەک ستراتیژییەکی گێڕانەوەیی. دەقەکە بە ڕاشکاوییەکی بێپەردە ڕایدەگەیەنێت: "من دژی حەز و ســـەلیقەی ئەوان دەتگێڕمەوە، هونەر دەنـگ و ڕەنگی ڕاســـتەقینەی مرۆڤە مەزن و جوانەکانیەتی. من تەنانەت دژی ســـەلیقەی بۆگەنی هەندێ ڕۆماننووس و هونەرمەندی مشـــەخۆر دەتگێڕمەوە، سەلیقە و نووسینی ئەوانیش ئیتر بووەتە بەشێک لە ناشیرینییەکانی کۆمەڵگە" (ل23). ئەم بانگەشـــەیە گوزارشـــت لە جۆرێک لە "یاخیبوونی جوانیناســـانە" دەکات، بەڵام لە ڕوانگەی تیۆرییەوە، گرفتێکی ئۆنتۆلۆژیی قووڵ لە ناو جەرگەی ئەم "دژایەتییەدا" خۆی حەشـار داوە؛ ئەویش ئەوەیە کە هەر ئەدەبیاتێک خۆی لەسەر بنەمای "دژبوون" دابڕێژێت، بە شێوەیەکی ناچاری دەبێتە دیلی ئەو واقیعەی کە ڕەتی دەکاتەوە. بەو مانایەی کە کاتێک نووسەر دەڵێت "دژی کیچ دەنووسم"، ئەو لە ڕاستیدا "کیچ" دەکاتە خاڵی دەستپێک و چەقی پێناسـەی دەقەکەی، و بەمەش بوونی خۆی بە بوونی ئەوی ترەوە گرێ دەدات.

ئەم وابەســتەییيە لە ڕەخنەی ئەدەبیی مۆدێرندا وەک کێشــەی "ســێبەری ســووژە" ســەیر دەکرێت؛ چونکە باشترین و بەبڕشترین ئەدەبیات، ئەو ئەدەبیاتەیە کە نە "بۆ" شتێکە و نە "دژ"ی شــتێک، بەڵکوو وەک دیاردەناســەکان ئاماژەی پێ دەدەن، ئەو تەنیا "هەیە". بۆ نموونە، کافکا لە شــاکارەکانیدا بە ئاشــکرا "دژی" بیرۆکراسی نەینووسی؛ ئەو خودی میکانیزمەکانی بیرۆکراســیی وەک دۆخێکی مرۆیی وێنــا کرد، بە جۆرێــک کە بیرۆکراسی لە نــاو دەقەکەدا خۆی بوو بە دژی خۆی. هەروەها مارسیل پروست لە "گەڕان بەدوای کاتی لەدەستچوو"دا دژی نۆستالژیای سادە نەجەنگا؛ ئەو نۆســتالژیای کردە کەرەســتەیەکی مەعریفیی قووڵ بۆ گەیشــتن بە ڕاســتی، و بەمەش خۆی لە کڵێشــەکان ڕزگار کرد. "وێڵی" لە هەندێک شــوێندا لەم ئاســتە هونەرییە باڵایە دێتە خوارەوە و بە هۆی ڕاشــکاوییە زۆرەکەی لە دەربڕینی "دژایەتی"، دەقەکە لە بەرهەمێکی هونەرییەوە دەگۆڕێت بۆ "بەیاننامەیەکی سیاسی یان کولتووری"، کە تێیدا دەنگی نووسەر بەسەر دەنگی گێڕانەوەدا زاڵ دەبێت.

لەگەڵ ئەوەشــدا، ئەم ڕەخنەیە پێویســتی بە هاوســەنگکردنەوەیەکی مێژوویی هەیە، بەتایبەت کاتێک باس لە ئەدەبیاتی وڵاتانی پەراوێز یان ئەو شــــوێنانە دەکرێت کە "بێدەنگیی زۆرەملێ" تێیاندا ســەپێنراوە. لە ژینگەیەکی ئاوادا، "نووســینی دژ" هەندێک جار تاکە ڕێگەیەکە بۆ ســەلماندنی بوون و شــکاندنی ئەو هەژموونە کولتوورییە ناشــیرینەی کە پانتایی گشــتیی داگیر کردووە. لێرەدا، "دژایەتی" دەبێتە پێویســــتییەکی مێژوویی؛ چونکە ئەگەر ئەدەبیــاتی "بۆ" و "دژ" نەبێت تــا بەربەســــتەکان ڕابماڵێت، ئەستەمە کەشێك بۆ سەرهەڵدانی ئەدەبیاتی "هەیە" دروست ببێت. "وێڵی" لەم پانتاییيە پڕ لە ململانێیەدا نووسراوە، و هەرچەندە وابەســتەیی بە دژایەتییەکەیەوە جۆرێک لە گرژیی ناوەکیی بۆ دروســت کردووە، بەڵام ئەمە بەشــێکە لەو "بەرکەوتنە ڕاســتەقینەیەی" کە دەقەکە دەیەوێت لەگەڵ ناشــــیرینییەکانی کۆمەڵگەدا هەیبێت، بۆ ئەوەی لە کۆتاییدا بتوانێت لە ناو ئەو وێڵگەیەدا جێگەیەک بۆ "مرۆڤە مەزن و جوانەکان" بکاتەوە.

## شکستی زمان و ئەوەی لەودیو وشەکانەوەیە

### "خۆدرکاندن" و زمانێك بۆ دەربڕین

خەمی زمان، یەکێکە لە پرســە ســەرەکییەکان لای دلاوەر ڕەحیمی، ئەو بەردەوام هەوڵی ئەوە دەدات پڕ بە بیرکردنەوەکانی وشــە دابتاشــێت و لەم ڕووەوە زۆر هەســتیارە. لەگەڵ ئەوەشــدا کە لەم دەقەدا گلەیی لەوە دەکات کە زمان وەك پێویســــت بەدەســــتییەوە نایەت بۆ دەربڕینی خەیاڵەکانی

"کاتێك دەنووسم وشەکان لەژێر دەستم هەڵدێن، دیار نامێنن، یان با بڵێم خۆیان نادەن بەدەستەوە..." (ل60)، بەڵام یەکێک لە کارە جوانەکانی لە "وێڵی"دا هێنانەناوەی وشەی "خۆدرکاندن"ە کە وەك هەڵەتێنەگەیشتنێك لە بەرانبەر "ددانپێدانان" هێناویەتی. ئەو لەگەڵ ئەوەی هەندێ جار "ددانپێدانان"ی لە جیاتی "درکاندن" یا "خۆدرکاندن" بەکار هێناوە، بەڵام بە ئاگاییەوە بێزی لە ددانپێدانان دەبێتەوە: "من ددانپێدانانم زۆر پێ ناخۆشە.. هێڵنجم دێ..." (ل78). گێڕەرەوە دەرکی بەوە کردووە کە ددانپێدانان جۆرێکە لە ناچاری کە لە دەرەوە بەسەرتدا دەسەپێنرێ و زیاتر بۆ ئەوەیە هەستی گوناهباربوونی خۆتی پێ دەربڕی، واتە جۆرێك لە پەشیمانی لە کردەیەکی خۆت پیشان بدەیت. بەڵام "خۆدرکاندن" - بەتایبەتی بە نووسین - زۆری هیچ کەسێکی لەسەر نییە، ویستێکی ناوەکییە بۆ دەربڕینی هەستێکی پەنگخواردوو کە دەتوانێ شوێنی قسەکردن بگرێتەوە. ئەم ساتە بریتییە لە "خۆهەڵڕشتن"، واتە خۆت دەربخە و بیرێژە دەرەوە. "ئەم ددانپێدانانانە ڕەگەکەی بێبنتر و قووڵترە لەوەی بەس بە زرۆملێ بێت... ڕاستییەکەی کە پتر بیری لێ دەکەمەوە ئەو منی خستە درکان نەك ناچارکردن بەددانپێدانان... من خۆم دەدرکێنم." (ل84)

لە ئەدەبیاتی جیهانیدا، ئەو نووسەرانەی کە زمانی خۆیان بە کەم دەبینن، هەندێک جار وشە دادەهێنن، جیمس جۆیس ئەم کارەی دەکرد، ژان ژێنێ و سێلین ئەم کارەیان دەکرد. "وێڵی"یش بەم "خۆدرکاندن"ە دەچێتە ناو ئەم نەریتەوە.

### کاتێک زمان دەرەقەت دێت/نایەت

یەکێک لە گرنگترین پرسەکان کە "وێڵی" دەیوروژێنێت ئەمەیە: ئایا زمان دەرەقەتی دەربڕین دێت؟ گێڕەرەوە دەڵێت "بیرمە جارێک زۆر بە مکوڕییەوە گوتت زمان دەرەقەتی هەموو دۆزێکی دەربڕین دێت، بۆیە ئەو قسەیەی دەڵێ زمان دەرەقەتی ئەو دۆخە یان کۆستە نایەت نوشستی هێناوە." (ل60) ئەو بانگەشەیە کە زمان سنووردارە، لە ئەدەبیاتدا زۆر جیدییە.

کاتێک دلاوەر ڕەحیمی لە "وێڵی"دا دەڵێت وشەکان "خۆیان نادەن بەدەستەوە" یان "هەڵدێن"، ڕێک لەسەر هێڵی سنووری ئەو قسەیەی ڤیتگنشتاین دەوەستێت کە لە کتێبی "نامیلکەی لۆژیکی – فەلسەفی" ("Tractatus Logico-Philosophicus")دا دەڵێت "سنوورەکانی زمانی من، سنوورەکانی جیهانی منن." لێرەدا قەیرانێکی ئێگزستیانسیالیستی دروست دەبێت؛ ئەگەر جیهانی مرۆڤ تەنیا ئەو شوێنە بێت کە زمان دەستی پێ دەگات، ئەوا ئەزموونی نووسەر لە "وێڵی"دا جۆرێکە لە هەوڵدان بۆ تێپەڕاندنی ئەو سنوورە. خۆبەدەستەوەنەدانی وشەکان لای ڕەحیمی، ئاماژەیە

بۆ ئەوەی کە "خەیاڵ" و "ئەزموونی ناوەکی" زۆر لە "زمان" فراوانترن. لێرەدا پارادۆکسەکە ئەوەیە: نووسەر دەزانێت کە ئەوەی دەردەبڕدرێت دەبێتە "جیهان"، بەڵام ئەوەی کە دەرنابڕدرێت و وشەی بۆ نادۆزرێتەوە، وەک ناوچەیەکی تاریک و "وێڵ" لە دەرەوەی سنووری جیهان دەمێنێتەوە. بەم پێیە، "وێڵی" تەنیا گەڕان نییە بەدوای مانادا، هێندەی جەنگێکی بەردەوامە لەگەڵ سنوورەکانی ڤیتگنشتاین؛ واتە هەوڵێکە بۆ فراوانکردنی سنووری جیهان لە ڕێگەی ڕاوکردنی ئەو وشانەی کە نایانەوێت ببنە کۆت و بەند بۆ خەیاڵە بێسنوورەکان. هەربۆیە "وێڵی" لەم کێشەیە تێدەپەڕێت، ئەویش نەک بە چارەسەرکردنی، بەڵکوو بە نیشاندانی خودی هەوڵەکە. گێڕەرەوە دەڵێت "کاتێک دەنووسم وشەکان لەژێر دەستم هەڵدێن" و "تا ڕستەیەك دەنووسم چەندین ڕستەم لێ یاخی دەبن و هەڵدێن. (ل60).

ئەم وێنەیە، کە ڕستەکان "یاخی" دەبن، لە ڕووی فەلسەفییەوە سەرنجڕاکێشە. یاخی واتە بوونەوەرێکی زیندوو کە ویستی خۆی هەیە. ئەگەر وشەکان یاخی دەبن، واتە نووسەر مامەڵە لەگەڵ بوونەوەری زیندوو دەکات، نەک لەگەڵ ئامرازی بێگیان. ئەمە هەمان ئەو وێنەیەیە کە گێڕەرەوەی ڕۆمانەکە دەیڵێت "وشەکان هەستیان هەیە... دەتوانم ترپەی دڵیان بژمێرم..." (ل86) ئێستا تێدەگەین کە ئەمە هەر میتافۆرێك نییە و ئەزموونی ڕاستەقینەی نووسینە.

کەواتە ململانێی دلاوەر ڕەحیمی لە ڕۆمانی "وێڵی"دا لەگەڵ ئەو وشانەی کە هەڵدێن و خۆیان بەدەستەوە نادەن، بەرجەستەکردنی ئەو ڕاستییە فەلسەفییەیە کە ڤیتگنشتاین لە کۆتایی کتێبەکەیدا پێمان دەڵێت: "ئەوەی مرۆڤ ناتوانێت گوزارشتی لێ بکات، دەبێت لێی بێدەنگ بێت." لێرەدا "بێدەنگی" ئەو سنوورە ترسناکەیە کە "خەیاڵی نووسەر" تێیدا لێوانلێوە، بەڵام دەستی "زمان"ی پێ ناگات. لای ڤیتگنشتاین، جیهانی ئێمە لەو شوێنەدا کۆتایی دێت کە زمانمان لێی دەوەستێت، بەڵام لای دلاوەر ڕەحیمی لە "وێڵی"دا، چیرۆکەکە ڕێک لەو "سنوورە"وە دەست پێ دەکات. وێڵبوونی نووسەر بەدوای وشاندا، هەوڵێکی ئەستەمە بۆ داگیرکردنی ئەو ناوچە بێدەنگەی کە ڤیتگنشتاین وەک "ڕەهەندی عیرفانی" یان "گوزارشتنەکراو" ناوی دەبات. بەم پێیە، ڕۆمانەکە دەبێتە پردێک لە نێوان "ئەوەی دەگوترێت "و "ئەوەی تەنیا بەبێ وشە هەستی پێ دەکرێت." ئەم ململانێیە نیشانمان دەدات کە خەیاڵی مرۆڤ هەمیشە هەوڵ دەدات سنوورەکانی ڤیتگنشتاین بشکێنێت؛ هەرچەندە زمان سنووردار بێت، بەڵام "وێڵبوون" لەناو بێدەنگیدا، جۆرێکە لە یاخیبوون دژی کۆتوبەندەکانی زمان بۆ دۆزینەوەی جیهانێکی فراوانتر.

## بێدەنگی وەک زمان

لە ڕۆمانی وێڵیدا، بێدەنگیی کارەکتەری تۆ تەنیا کاتێکی مردوو یان بۆشـاییەکی گێڕانەوەیی نییە، هێندەی زمانێکی سـەربەخۆ و ئامادەیە کە بە بەردەوامی مانا بەرهەم دەهێنێت. ئەم بێدەنگییە وەک جۆرێک لە ژێر دەق کار دەکات، کە تێیدا هەموو ئەو مانایانەی لە دەقەکەدا ئامادەن، بەبێ ئەوەی گۆ بکرێن، قورسـاییی خۆیان دەسـەلمێنن. کاتێک گێڕەرەوە بەردەوام ڕوو لە تۆ قسـە دەکات و هیچ وەڵامێکی دەنگیی وەرنـاگرێتەوە، بێـدەنگییەکە دەبێتە کردەیەکی پەیوەنـدیگرتن کە لە ڕووی کاریگەرییەوە زۆر لە وشـە قورسـترە. ئەمەش بێدەنگییەکی ئەرێنییە کە مانا بە وشـەکانی گێڕەرەوە دەبەخشێت، چونکە بەبێ ئەم بێدەنگییە قووڵە، قسەکانی گێڕەرەوە کێش و ناسنامەی ڕاستەقینەی خۆیان لەدەست دەدەن.

ئەم جۆرە لە گێڕانەوە کە لەسـەر بونیادی مۆنۆلۆگێکی یەکلایەنە ڕاوەسـتاوە، جۆرێک لە پەسـتانی دەروونیی توند لەسـەر خوێنەر دروست دەکات، بە شـێوەیەک کە دیالۆگ وەک ئامرازی سـەرەکیی گۆڕینەوەی مانا دەپچڕێت. خوێنەر لە ناو چاوەڕوانییەکی بەردەوامدایە بۆ وەڵامێک کە هەرگیز نایەت، ئەمەش وای لێ دەکات هەسـت بەو تەنیایی و پەراوێزکەوتووییە بکات کە گێڕەرەوە تێیدایە. لێرەدا بێدەنگی دەبێتە زمانێکی دەسـەڵات، واتە کارەکتەری تۆ بە بێدەنگییەکەی کۆنترۆڵی پانتاییی ڕۆمانەکە دەکات و گێڕەرەوە ناچار دەکات بەردەوام بدوێت تا لەناو ئەو بێدەنگییەدا نوقم نەبێت.

کاتێک ئەم دۆخە لەگەڵ شـانۆنامەی چاوەڕوانی گۆدۆی سـامۆیل بێکێتدا بەراورد دەکەین، جیـاوازییەکی بنەڕەتی دەبینین. لای بێکێـت، دیـالۆگی نێوان کـارەکتەرەکـان وەک قەڵغـانێکە بۆ شـاردنەوەی بێدەنگییەکی کوشـندە و بێمانایی ژیان، ئەوان قسـە دەکەن تا بێدەنگییەکە نەبیسـتن. بەڵام لە "وێڵی"دا، گێڕەرەوە وشـەکان بەکار ناهێنێت بۆ شـاردنەوەی بێدەنگی، هێندەی بۆ ئەوەیە بیسـەلمێنێت کە بێدەنگییەکە بوونی هەیە. لە کاتێکدا لای بێکێت وشـەکان بۆ ڕاکردن لە بێدەنگی دەگوترێن، لای دلاوەر ڕەحیمی وشـەکان بۆ ئەوە دەگوترێن تا ددان بە بوونی ئەو بێدەنگییەدا بنێن وەک دوایین پەناگەی مانا لە جیهانێکی پڕ لە وێڵبووندا.

وك پێشتر نمونەم بۆ هێنایەوە، ئەم بێدەنگییە دەبێتە هۆی ئەوەی گێڕەرەوە لە شوناسی خۆی و لە توانای زمانەکەشی گومان بکات. کاتێک ئاماژە بەوە دەکرێت کە وشـەکان لەژێر دەسـتی نووسـەردا هەڵدێن، ئەوە نیشـانەی ئەوەیە بێدەنگیی "تۆ" وەک هێزێکی ڕاکێشـەر وایە و هەموو

وشـــەکان قووت دەدات. لێرەدا بێدەنگی دەبێتە ئاوێنەیەک کە گێڕەرەوە تێیدا ڕووبەڕووی خودی خۆی دەبێتەوە. ئەو وێڵبوونەی لە ناوی ڕۆمانەکەدا هەیە، تەنیا وێڵبوونی فیزیکی نییە، لەڕاســـتیدا وێڵبوونی زمانە لەناو دەریای بێدەنگیی بەرانبەردا. هەربۆیە بێدەنگیی "تۆ" لێرەدا وەک زمانێکی بێدەنگ کار دەکات کە پرســـیار لەبارەی ڕەوایەتیی قســـەکردن و توانای زمان بۆ گوزارشـــتکردن لە خەیاڵ دروست دەکات.

لە ڕووی فۆڕمەوە، بێدەنگیی تۆ دەبێتە زمانێک کە پێویســتی بە فۆنەتیک و ڕێزمان نییە و ئەو لە ڕێگەی ئامادەیی نائامادەوە کار دەکات. چونکە خوێنەر دەزانێت کە "تۆ" هەیە و دەبیســـتێت، بۆیە گێڕەرەوە ڕەفتار و کاردانەوەکانی لەسەر بنەمای ئەو بیستنە ڕێک دەخات. کەواتە بێدەنگی لێرەدا جۆرێکە لە جووڵەیە نەک وەســـتان لە گێڕانەوە. ئەم بێدەنگییە دەنگی تایبەتی خۆی هەیە و ڕەنگدانەوەی هەموو ئەو ئازار و خەیاڵە وێڵانەیە کە زمانی ئاســـایی ناتوانێت هەڵیانبگرێت. بێدەنگی دەبێتە ئەو زمانە پەنهانەی کە تەنیا ئەو کەســـانە تێی دەگەن کە لە ســـنوورە تەقلیدییەکانی زمان پەڕیونەتەوە و گەیشتوونەتە ناوچەی نەگوتراوەکان.

بەهۆی ئەمەوە من وای دەبینم "وێڵی" دەبێتە گەشتێکی مەعریفی لەناو زمانێکی بێوشـەدا، کە تێیدا بێدەنگی دەبێتە لووتکەی گوزارشـــتکردن. ئەمە یاخیبوونێکی ئەدەبییە دژی ئەو تێڕوانینەی کە دەڵێت هەرچی نەگوترا، بوونی نییە. لێرەدا ئەوەی ناگوترێت، واتە بێدەنگیی "تۆ"، ناوکی ســـەرەکیی ڕۆمانەکەیە، کە هەموو ڕووداوەکانی لە دەوری دەســـوڕێنەوە. خوێنەریش دەبێتە بەشـــێک لەم ململانێیە دەروونییە و تەنیا دەقەکە ناخوێنێتەوە، بەڵکوو گوێ لەو بێدەنگییە قورســـە دەگرێت کە لە نێوان هاواری گێڕەرەوە و سەنگینیی بێدەنگیی "تۆ"دا دروست بووە، وەک ئەوەی بێدەنگی خۆی بوبێتە دوایین وشە و مانیفێستی کۆتاییی ڕۆمانەکە.

## ئەوەی دەقەکە نایڵێت: کەلێن و بێدەنگییە پێکهاتەیییەکان

### ڕووداوی ونبوو

یەکێک لە ســتراتیژییە هەرە کاریگەر و هاوکات پرکێشـــەکانی ڕۆمانی "وێڵی" لە ڕووی بونیادی گێڕانەوەوە، بوونی "کەلێنێکی گەورە"یە لە ناو جەرگەی مێژووی کارەکتەری "تۆ"دا، کە دەکرێت بە "ڕووداوی ونبوو" ناوزەد بکرێت. گێڕەرەوە ئاماژەیەکی کاتیی خێرا و کتوپڕ دەخاتە ڕوو کاتێک دەڵێت: "بە یەک ڕۆژ، بە یەک کاتژمێر بەچۆکدا هاتی" (ل40)، بەڵام ئەو ســـاتە وەچەرخانە جەوهەرییەی

که بووەتە هۆی تێکشکانی سووژە و گۆڕینی بۆ مرۆڤێکی "وێڵ"، هەرگیز لە ناو دەقەکەدا گوزارشتی لێ ناکرێت. ئەم بێدەنگییە، ڕۆمانەکە دەباتە ناو کایەی "تیۆریی چیای سەهۆڵین"ی ئێرنێست هەمینگوەیەوە[10]؛ کە تێیدا تەنیا لوتکەی ڕووداوەکان وەک یەک لەسەر هەشتی چیایەکی سەهۆڵین لە سەروو ئاستی وشەکانەوە دیارن، و قورساییە ڕاستەقینەکەی چیرۆک و حەوت بەشەکەی تری مانا لە ژێر ڕووبەری نەگوتراوەکاندا شاردراوەتەوە. هەمینگوەی بڕوای وابوو کە سڕینەوەی ئاگامەندانەی بەشە سەرەکییەکانی ڕووداو، کاریگەریی دەقەکە قووڵتر دەکات و خوێنەر ناچار دەکات بە شێوەی ئیدراکی ناوەکی هەست بەو قورساییە بکات کە لە ناو بێدەنگیدا جێگیر کراوە.

لێرەدا، "ڕووداوی ونبوو" دەبێتە بزوێنەری خەیاڵی خوێنەر و پەلکێشی دەکات بۆ ناو کایەی بەشداریکردن لە بەرهەمهێنانی مانادا. بەڵام لە پەراوێزی ئەم هەڵبژاردنە هونەرییەدا، لێکدانەوەیەکی تری ڕەخنەییش سەرهەڵدەدات کە پەیوەندی بە "سیاسەتی بێدەنگی" لە ئەدەبیاتی کوردیدا هەیە. ڕەنگە ئەم تەمومژاویبوونی ڕووداوە تەنیا تەکنیکێکی ئەدەبی نەبێت و خۆی نیشانەیەک بێت بۆ جۆرێک لە "نەتوانینی گوزارشتکردن". وەک چۆن کافکا لە "نامە بۆ باوک"[11]دا، شیکاریی ئەو پەیوەندییە پڕ لە ترس و توندوتیژییە دەکات کە سێبەری بەسەر تەواوی ژیان و ئەدەبیاتیدا کێشاوە، هەندێک ڕووداو هێندە توندوتیژ و "تایبەتین" کە زمان لە ئاست هەڵگرتنی باری قورسیاندا کورت دەهێنێت. کافکا لەوێدا نیشانی دەدات کە چۆن هەژموونی دەسەڵات (باوک) دەبێتە هۆی دروستبوونی هەستی تاوانبارێتی و دواجار بێدەنگی؛ لێرەشدا "ڕووداوی ونبوو"ی ناو "وێڵی" دەبێتە

[10] تیۆریی چیای سەهۆڵین (Iceberg Theory) لە ئەدەبیاتی نوێدا بە "تیۆری لادان" یان /هونەری سڕینەوە" (Theory of Omission) دەناسرێت، کە نووسەری ئەمریکی ئێرنێست هەمینگوەی (Ernest Hemingway) داهێنەریەتی. بنەمای ئەم تیۆرییە لەسەر ئەوە بونیاد نراوە کە دەق دەبێت تەنیا لووتکەی ڕووداوەکان و هەستەکان (هاوشێوەی یەک لەسەر هەشتی چیایەکی سەهۆڵین کە بە سەر ئاوەوە دیارە) نیشان بدات، و قورسایی و مانای ڕاستەقینەی چیرۆکەکە (حەوت بەشەکەی تری چیاکە) لە ژێر ڕووبەری وشەکان و لە ناو بێدەنگییەکاندا بشارێتەوە. هەمینگوەی پێی وایە کاتێک نووسەر بە وردی لەو بەشە ونبووە تێدەگات و دواتر لای دەبات، خوێنەر بە شێوەیەکی ڕەمەکی هەست بە قورسایی ئەو "نەگوتراوانە" دەکات و کاریگەریی دەقەکە قووڵتر دەبێتەوە.

[11] نامە بۆ باوک (*Brief an den Vater*) نامەیەکی درێژی ژیاننامەیی و شیکارییە کە نووسەری چیکی فرانز کافکا (Franz Kafka)لە تشرینی دووەمی ساڵی 1919دا بۆ باوکی (هێرمان کافکا) نووسیویەتی. ئەم دەقە بە یەکێک لە گرنگترین بەڵگەنامە دەروونی و ئەدەبییەکان دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە جیهانی کافکا، کە تێیدا بە زمانێکی ڕەخنەیی و پڕ لە ئێش باس لە پەیوەندییە ئاڵۆز و پڕ لە ترسەکەی لەگەڵ باوکە دەسەڵاتدارەکەیدا دەکات. کافکا لەم نامەیەدا شیکاریی ئەوە دەکات کە چۆن سێبەر و هەژموونی باوکی بووەتە هۆی دروستبوونی هەستی تاوانبارێتی و کەمتەرخەمی لە ناخیدا، ئەمەش ڕەنگدانەوەی ڕاستەوخۆی لەسەر تێکڕای بەرهەمە ئەدەبییەکانی تری هەبووە.

بەڵگەنامەیەکی سۆسیۆکولتووری کە دەیسەلمێنێت تەنانەت لە دەقێکی وەک ئەمەشدا، هێشتا ناوچەی قەدەغەکراو (تابۆ) هەن کە نووسەر ناتوانێت یان ناوێرێت سنوورەکانیان ببەزێنێت.

ئەم بۆشاییە گێڕانەوەییە، پارادۆکسێکی جێی سەرنج دروست دەکات؛ لە کاتێکدا "وێڵی" وەک ئەدەبیاتێکی "دژ" و ڕەخنەگر لە کۆتوبەندەکان خۆی دەناسێنێت، لەم خاڵە دیاریکراوەدا خۆیشی دەبێتە بەشێک لەو کۆتوبەند و بێدەنگییە گشتییەی کە کۆمەڵگە بەسەر تاکەکانیدا دەیسەپێنێت. ئەگەر ئەو ڕووداوەی کە کارەکتەرەکەی بەچۆکدا هێناوە، بەهۆی ترس لە دابونەریت، سیاسەت، یان پیرۆزییە کولتوورییەکانەوە نەگوترابێت، ئەوا "وێڵی" لە ناو جەرگەی ئازادییەکەیدا، تووشی جۆرێک لە خۆسانسۆری بووە. بەم شێوەیە، ئەو بۆشاییە تەنیا "تیۆری چیای سەهۆڵین" نییە، بەڵکوو برینێکی سارێژنەبووی زمانە کە تێیدا دەق نەیتوانیوە لەو "سێبەرە گەورەیە" ڕزگاری ببێت کە کافکا ئاماژەی پێ دەکات، و بەمەش مانای "وێڵبوون" دەبێتە گوزارشتێکی تراژیدی لە مرۆڤێک کە تەنانەت لە ناو گێڕانەوەی چیرۆکەکەشیدا، ڕێگەی پێنەدراوە هۆکاری ڕاستەقینەی تێکشکانی خۆی ئاشکرا بکات.

**داهاتووی بێنەخشە و دیلێمای نووسین**

ڕۆمانی "وێڵی" بە شێوەیەکی چڕ و کرۆکین لە دەوری جەمسەرەکانی ڕابردوو و ئێستادا دەخولێتەوە، بەڵام کاتێک باس دێتە سەر "داهاتوو"، دەقەکە تووشی بێدەنگییەکی ئۆنتۆلۆژی دەبێت. ئەم بێدەنگییە پارادۆکسێکی گەورە دروست دەکات، چونکە گوزارەی فەرمانئامێزی "بنووسە" کە وەک ناوبەست یان تەرجیعبەندێکی بەردەوام لە سەراپای ڕۆمانەکەدا دەنگ دەداتەوە، لە ڕاستیدا فەرمانێکی داهاتووخوازە و ئاراستەی بەرەو "کردەیەک"ە کە هێشتا ڕووی نەداوە. ئەم کەشە گێڕانەوەییە، دەقەکە دەخاتە ناو پانتاییەکی هاوشێوەی کارەکانی ساموێل بێکێتەوە، بەتایبەت لە شاکاری "لە چاوەڕوانیی گۆدۆدا"؛ کە تێیدا کارەکتەرەکان لە ناو بازنەیەکی داخراوی چاوەڕوانییەکی ئەبەدیدا دەمێننەوە بەبێ ئەوەی ئاسۆیەکی ڕوون بۆ گۆڕانکاری یان گەیشتن بە "مانا" هەبێت. "وێڵی" لە جەوهەری خۆیدا ڕۆمانی "پێش"ە: پێش پرۆسەی نووسین و پێش ساتەوەختی دەرچوون لە وێڵگە، وەک بڵێیت سووژە لە بەردەم دەرگایەکی داخراودا وەستاوە کە کلیلەکەی تەنیا "نووسین"ە، بەڵام هیچ گەرەنتییەک نییە کە دوای کردنەوەی دەرگاکە جیهانێکی جیاواز بوونی هەبێت.

لێرەدا پرسـیارە گەورەکە ئەوەیە: ئەگەر کارەکتەری "تۆ" دواجار دەست بداتە قەڵەم و بنووسێت، ئایا ئەم کردەیە دەبێتە هۆی گۆڕینی واقیع، یان نووسین تەنیا دەبێتە "گۆڕستانێکی سپی" بۆ ناشتنی ئازارەکان؟ ئەم دیلێمایە (دووڕێیانە)، ڕۆمانەکە ڕووبەڕووی تێزەکانی سارتەر سەبارەت بە "ئەدەبیاتی پابەند" دەکاتەوە. سارتەر بڕوای وابوو کە نووسین "کردەیەکی ئازادکردنە" و دەبێت ببێتە هۆی گۆڕانکاری لە ئاگایی خوێنەر و واقیعی کۆمەڵایەتیدا؛ بەڵام "وێڵی" لە بەردەم دەرهاویشتە و ئەنجامەکانی ئەو نووسینەدا دەوەستێت و نایەوێت بچێتە ناو کایەی ئەگەرەکانەوە. ئەم پاشەکشێیە لە لایەکەوە گوزارشتە لە ڕاستگۆیییەکی تاڵ بەرامبەر بەو واقیعە چەقبەستووەی کە مرۆڤی تێدا وێڵ بووە، بەڵام لە لایەکی ترەوە جۆرێکە لە خۆدزینەوە لە بەرپرسیارێتییەکی گەورە.

نەبوونی وەڵام بۆ داهاتوو لە ناو دەقەکەدا، نیشـانەی تێکشـکانی "گێڕانەوە گەورەکانە" کە پێشتر بەڵێنی ڕزگارییان بە مرۆڤ دەدا. لێرەدا نووسـین وەک "دوایین ئامرازی بەرگری" دەمێنێتەوە، نەک وەک "پرۆژەیەکی ڕزگاریبەخش". ئەم تەمومژاوییەی ئاسـۆ، کارەکتەرەکە و خوێنەریش لە ناو دۆخێکی "چاوەڕوانیی بێئاکامدا" جێ دەهێڵێت، کە تێیدا تەنیا خودی "کردەی نووسـین" دەبێتە ئامانج، نەک ئەوەی کە نووسـینەکە چی دەگۆڕێت. لە ئەنجامدا، "وێڵی" دەبێتە گێڕانەوەی ئەو ساتە وەستاوەی کە تێیدا مرۆڤ لە بەردەم سـپێتیی لاپەڕەکاندا ڕادەمێنێت، وەک ئەوەی بڵێیت لە جیهانێکدا کە هەموو ڕێگەکانی گۆڕانکاری داخران، تەنیا وێڵبوون و گێڕانەوەی ئەو وێڵبوونە دەبێتە دواین مانیفێسـتی بوون، بێ ئەوەی بزانین ئایا ئەم گێڕانەوەیە دەبێتە سـەرەتایەک بۆ داهاتوو یان کۆتاییەکە بۆ هەموو شتێک.

**ئەو شوێنەی ڕۆمانەکە دەیتوانی زیاتر بێت**

هەر بەرهەمێکی ئەدەبی دەکرێت لە گۆشـەنیگای "ئەوەی دەیتوانی ببێت"یشـەوە ببینرێت. ئەمە هەمان ئەو تێڕوانینەیە کە ڕەخنەگرانی وەک ڤیکتۆر شـکلۆڤسـکی (Viktor Shklovsky) بۆ تێگەیشتن لە "ماتەتوانا"ی دەق بەکاری دەهێنن. بۆ ئەوەی ئەم تێڕوانینەی شکلۆڤسکی، ڕەخنەگر و بیرمەندی فۆرمالیسـتی ڕووسی، کە لە وتاری "هونەری وەك ئامراز یان تەکنیك" (" Art as Device")دا هاتووە، ڕوونتر بکەینەوە، دەبێت بچینە ناو قووڵاییی ئەو چەمکەی کە ئەو ناوی دەنێت "لەئاشـناییخسـتن" (Defamiliarization) و چۆنیەتیی کارکردنی دەق وەک میکانیزمێکی هونەری. شکلۆڤسکی پێی وایە ئەرکی ئەدەب ئەوە نییە تەنیا واقیع بگوازێتەوە، لە ڕاستیدا ئەوەیە کە "شتە ئاشناکان" بە شێوەیەک نیشان بدات کە لای خوێنەر نامۆ و نوێ دەر بکەون، تا هەستی پێ

بکەن نەک تەنیا بزانن هەیە. لێرەوە، کاتێک باس لە ماتەتوانای دەق دەکەین لە ڕوانگەی ئەوەوە، مەبەستمان ئەوەیە کە دەق تەنیا ئەوە نییە کە نووسراوە، بەڵکوو ئەو "وزە هونەرییە"یە کە لە ناو پێکهاتەکەیدا شاراوەتەوە. کاتێک دەڵێین "وێڵی" دەیتوانی لە دارشتنی کارەکتەری "من"دا قووڵتر بڕوات، مەبەستمان ئەوەیە کە بونیادی ڕۆمانەکە ئەو ماتەتوانا یان ئەو زەمینەسازییەی تێدابوو کە ئاستێکی ئاڵۆزتر لە دەروونناسی بخاتە ڕوو، بەڵام نووسەر لە خاڵێکی دیاریکراودا ڕایگرتووە. شکلۆڤسکی دەڵێت ڕەخنەگر دەبێت سەیری "تەکنیکەکان" بکات؛ ئەگەر تەکنیکی "تۆ" و "من" لە ڕۆمانەکەدا دانراوە، کەواتە دەقەکە ماتەتوانای ئەوەی تێدایە ململانێیەکی گەورەتر لە نێوان ئەو دوو دەنگەدا دروست بکات.

هەروەها شکلۆڤسکی سەرنج دەخاتە سەر ئەوەی کە دەق چۆن "پێشبینییەکانی خوێنەر" تێک دەشکێنێت. کاتێک لە "وێڵی"دا دەنگێکی نوێ (من) دەردەکەوێت، خوێنەر چاوەڕێی گەشەکردنێکی دراماتیکی دەکات. ڕەخنەگر لێرەدا دەپرسێت: ئایا ئەم تەکنیکە گەیشتە ئەوپەڕی توانای خۆی؟ کاتێک دەڵێین دەقەکە "دەیتوانی زیاتر بێت"، مەبەستمان ئەوەیە کە ئەو ئامرازە هونەرییەی نووسەر بەکاری هێناوە (کارەکتەری حاشاکەر)، وزەیەکی تێدابوو کە دەیتوانی تەواوی بونیادی ڕۆمانەکە هەڵبگێڕێتەوە، بەڵام وەک "هەوڵێکی ناتەواو" یان "ئەگەرێکی گەشەنەکردوو" ماوەتەوە.

بێجگە لەمە، لای شکلۆڤسکی، ئەدەب وەک ئامرازێك وایە. کاتێک ئێمە سەیری ئامێری گێڕانەوەی "وێڵی" دەکەین، دەبینین چەندین "بزوێنەر"ی تێدایە (وەک بێدەنگی، وێڵبوون، حاشاکردن). ماتەتوانای دەقەکە لێرەدا واتە: ئایا ئەم ئامێرە بە هەموو هێزی خۆیەوە کاری کردووە؟ بۆ نموونە، گوزارەی "بنووسە" وەک بزوێنەرێکی گەورە کار دەکات، بەڵام کاتێک لە کۆتاییدا هیچ "نووسینێک" ڕوو نادات، لای ڕەخنەگرێکی فۆرمالیست وەک ئەوە وایە بزوێنەرەکە وزەیەکی زۆری بەرهەم هێنابێت بەڵام نەبوویێتە هۆی جوڵاندنی بەرەنجامەکان.

بۆیە "وێڵی" دەیتوانی لە دارشتنی کارەکتەری "من"ی حاشاکەردا، کە لە کۆتاییدا دەردەکەوێت، زۆر قووڵتر بڕوات. ئەم "من"ە دەیتوانی هاوشێوەی کارەکتەرە دووفاقەکانی ناو ڕۆمانەکانی دۆستۆیڤسکی (وەک لایەنی تاریکیی مرۆڤ) ئاستێکی نوێ لە ئاڵۆزی دەروونی بهێنێتە ئاراوە، بەڵام ڕۆمانەکە نە لە ڕووی کات و نە لە ڕووی قووڵاییەوە ڕێگەی پێ نادات بە تەواوی گەشە بکات.

هەروەها تەواوی ڕۆمانەکە چاوەڕوانی دەنگی "تۆ"یە. ئەو "بنووســـە"ی کە گێڕەرەوە وەک فەرمانێک دووبارەی دەکاتەوە، بەڵێنێکی ناڕاســـتەوخۆی تێدایە کە "تۆ" لە کۆتاییدا بێدەنگی دەشکێنێت. بەڵام ڕۆمانەکە بەبێ ئەو نووسینە کۆتایی دێت. ئەم ئائامادەییە هەمیشەییەی دەنگی "تۆ" دەکرێت وەک تراژیدیایەکی بوونگەرایی ببینرێت، هاوشـــێوەی ئائامادەیی "گۆدۆ". بەڵام لە ڕوانگەی بونیادگەرییەوە، ئەمە دەکرێت وەک "تەواونەبوونی بەڵێنێک" لێک بدرێتەوە. ئەگەر ئامانجی "بنووســـە" ڕزگارکردنی ئەوی تر بێت لە وێڵگە، ئەوا بێدەنگیی کۆتایی دەبێتە شـــکســـتی ئەو پرۆژە ڕزگاریخوازییە. لێرەدا "وێڵی" لە بونیادێکی گێڕانەوەیی بازنەییدا دەمێنێتەوە کە تێیدا هاوارەکە هەیە، بەڵام وەڵامەکە لە دەرەوەی دەق و لە شوێنێکی نادیاردا ون دەبێت.

## بەرئەنجام: "وێڵی" وەك بەرهەمێکی ناتەواوی پێویست

پاش ســـەرنجدانێکی ورد لە زۆر لایەنی ڕۆمانی "وێڵی"ی دلاوەر ڕەحیمی، لە کۆتاییدا پێویســـتە بڵێم کە یەکەمین کردەی ئەم ڕۆمانە، تۆمارکردنی وردەکارانەی دارمانێکی هێواشی ئەزموونی مرۆڤێکە لە ژیانندا؛ واتە وەک نووســـینێک خۆی دەخاتە ڕوو کە لە ناوجەرگەی "ناخ"ەوە هەڵقوڵاوە. ئەو خوێنەرەی ئەزموونێکی هاوشـــێوەی هەبووبێت، دەزانێت کە "وێڵی" تەنیا وەك چاودێرێک ســـەیری جیهانی نەکردووە و نەبینیوە، بەڵکوو لەو شـوێنەوە نووسـیوویەتی کە تەنیا بە ئامادەییەکی فیزیۆلۆژی و دەروونیی ڕاســـتەقینە دەکرێت لێوەی بدوێیت. هاوکات، ڕۆمانەکە ســـەرکەوتووە لە خوڵقاندنی پانتاییەکی مانایی نوێدا، کە تێیدا دەیان وشـــە لە چوارچێوە فەرهەنگییە باوەکەیان دەچنە دەرەوە و دەبنە بەشێک لە زمانی هاوبەشی ئەدەبیاتێک کە مانا بۆ ئازار دەدۆزێتەوە.

ئەو تایبەتمەندییەی کە "وێڵی" لە زۆرینەی دەقە هاوچەرخەکان جیا دەکاتەوە، مامەڵەکردنی جیـدییەتی لەگەڵ نەریتە ئەدەبییەکان و یـادەوەرییە ســـۆزەکییـەکانـدا. لێرەدا حەســـەن زیرەک، عەبدولخالق مەعرووف و دەیان ناوی تر و قەڵای هەولێر و چەندین شـــوێنی تری ئەم شـــارە، وەک بوونەوەرێکی زیندوو ئامادەییان هەیە کە هێشتا هەناسە دەدەن. ئەمە لە پاڵ بوێرییەکی ڕاستەقینەدا دێت بۆ ڕووبەڕووبوونەوە لەگەڵ چەمکی "پیاوانەیی" و "لاوازی" لەناو کولتوورێکدا کە ددانپێدانان بە شـــکســـتی پیـاوانەدا بە نەنگی دەزانێـت؛ ئەم بوێرییە تەنـانەت ئەگەر لە هەنـدێک شـــوێنی جێبەجێکردنیشـــدا تووشی لەنگییەك بووبێت، هێشـــتا وەک ڕەهەندێکی جێی ڕێز دەمێنێتەوە. لە ئەدەبیاتی کوردیی هاوچەرخدا، "وێڵی" خاڵێکی وەرچەرخانە، چونکە نوێنەرایەتی "تاکی بێدەســـەڵات

لە کۆمەڵگەی ئازاددا" دەکات؛ ئەو تاکی کوردییەی کە لەناو ئازادییەکی ڕواڵەتیی سیاسیدا، هێشتا لەژێر سەرکوتی کولتووریدا دەچەوسێتەوە. ئەم پێگەیەی وەک " هەنگاوێکی ڕاستەقینە"، بەرپرسیارێتی و سنووردارێتی پێکەوە هەڵگرتووە.

تەواوکردنی خوێندنەوەی ئەم بەرهەمە پێویستی بە خوێنەرێکی جیاواز هەیە؛ خوێنەرێک کە خۆڕاگر بێت بەرامبەر بە خولانەوەکانی دەق، بتوانێت لەگەڵ لێڵیی کارەکتەری "تۆ"دا هەڵ بکات و لە یادەوەریی سۆزەکیی خۆیەوە مانا بۆ بۆشاییەکان دروست بکات. گرنگترین خاڵ ئەوەیە کە خوێنەر بەرگریی خۆی لە بەرامبەر "بینین" لا بدات، چونکە "وێڵی" ئاوێنەیەکە کە هەندێک جار وێنەیەکی نائاسوودەمان نیشان دەدات. هیچ بەرهەمێکی ئەدەبیی بوێرانە "تەواو" نییە، چونکە بوێری و سەلامەتیی دەق پێکەوە کۆ نابنەوە. "وێڵی" بەردەوام لە مەترسیی کەوتندایە؛ مەترسیی تێمای دووبارەبووەوە و گوتاری قوربانی، بەڵام هەر ئەم مەترسیتەوەرییە بەهاکەی دیاری دەکات. وەک گێڕەرەوە دەڵێت من لە نووسین دەترسم، بەڵام ئەم ترسە پەکخەر نییە، بەڵکوو ترسێکی ژیێنەرە کە ناچاری دەکات بنووسێت.

لە کۆتاییدا، گرنگترین ئەنجامی ئەم خوێندنەوەیە ئەوەیە کە بڵێ "وێڵی" بەرهەمێکی زیندووە. بەرهەمی زیندوو ئەو دەقەیە کە بەرگری لە خۆی دەکات و لە بەرامبەر شیکاریی ڕووتدا دەوەستێت و خۆی بە یەک خوێندنەوە و لێکدانەوەوە نابەستێتەوە. ئەم ڕۆمانە تەواو نابێت، چونکە لەو شوێنەدا کە دەق دەوەستێت، خوێنەر دەست پێ دەکات تا بۆشاییە نائامادەکان پڕ بکاتەوە. ئەم تایبەتمەندییە نیشانەی گرنگیی بەرهەمەکەیە؛ چونکە تەنیا بەرهەمە مردووەکانن کە بە شیکارییەک کۆتاییان دێت، بەڵام "وێڵی" وەک پرۆسەیەکی کراوە لە نێوان هاوار و بێدەنگیدا بەردەوام دەبێت.

لە جیهانێکدا کە ئەدەبیاتی کوردی بە ئەدەبیاتی سیاسی و نەتەوەیی دەناسرێت، "وێڵی" بانگەشەی بوونی ئەوی تر دەکات: ئەدەبیاتی مرۆڤی دەستەپاچە، ئەدەبیاتی کەسێک کە نە پاڵەوانی نەتەوەییە نە خائین، تەنیا مرۆڤێکی وێڵە کە سەردەمانێك عاشقی وشە بوو.

*** بۆ خوێندنەوەی دەقەکە و تێگەیشتنی تایبەتیی خۆت، بڕوانە: دلاوەر ڕەحیمی. *وێڵی*، بێشوێن: چاپخانەی تاران، 2025.**